https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.219



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕەخنە لە پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ و دیدی پەروەردەیی ئادۆرنۆ وەك ئەڵتەرناتیڤی بەهێز

**توانا عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا**
Azad.hama@univsul.edu.iq

**پ ی د ئازاد حەمە عەبدوڵڵا**
twana.abdullah@univsul.edu.iq

**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی، عیراق**

## پوختە:

هەرچەندە ڕەخنە لە کەلتوور و کۆمەڵگەی سەرمایەداریی، بەشێکی سەرەکیی ئیشەکانی ئادۆرنۆ پێکدەهێنێت، بەڵام دیدی پەروەردەیی و پێداگۆگی ڕەخنەیی بەشدارییەکی گرنگ لە فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخدا ئەکەن، هەروەک سەرەتای پێداگۆگی ڕەخنەیی بۆ فێرگەی فرنکفۆرت، بە تایبەت ئادۆرنۆ ئەگەڕێتەوە، لە توێژینەوەکەدا ڕەخنەی ئادۆرنۆ لە پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ و ئەڵتەرناتیڤی بەهێز لە دیدی ئادۆرنۆوە شرۆڤەکراوە، لە کۆنتێکستە جیاوازەکانیدا، کە لە دوو پرسیاردا چێبووە، لە لایەک چۆن ئەقڵی ئامرازیی و زانستیی لە سەرەتای ڕۆشنگەییەوەو ڕۆڵیان هەبووە لەسەر زاڵبوونی مرۆڤ بە سەر سروشتدا، راڤەکراوە. دواتر ڕەخنە لەو پەروەردەیە گیراوە، کە چۆن ڕۆڵی لە هێنانەئارایی رژێمە تۆتالیتار و ناسیۆنالیستە رادیکاڵەکان هەبووە، کە پێشەنگی قڕکردنی مرۆڤن، بە نمونەی «گوتاری ئاوشڤیتز» ڕوونکراوەتەوە، لەم نێوەندەدا هەردوو جۆرەکەی ڕەخنە گرنگن بۆ پەروەردەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیی و هەرێمی کوردستان، چونکە پەروەردە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخ مانا کرۆکییەکەی خۆی لەدەستداوە و بووە بە پەروەردەیەکی ساختە، (نیوە پەروەردە) (Halbbildung) [ ] (Halbbildung) (نیوە پەروەردە): یەکێکە لەو زاراوانەی ئادۆرنۆ تیۆری لەبارەیەوە نوسیووە، بە دیدی ئادۆرنۆ، «نیوە پەروەردە» پەروەردەیەکی ناتەواوە و ڕووکەشە لە گەڕان و «بەدواداچوون بۆ زانین نامۆیە»، بەڵکو بە پلەی یەکەم هەوڵدانە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەر، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بۆرژوازە خوێندەوارەکان وەک سوکایەتی پێکردن بۆ چینەکانی خوار خۆیان بەکاریان ئەهێنا، بڕوانە:
Theodor W. Adorno: Theorie der Halbbildung. (١٩٥٩) [ ]، کە پرسیاری سەرەکیی لە توێژینەوەکەدا ئەڵتەرناتیڤی بەهێز بۆ تێپەڕاندنی ئەم پەروەردەیە چییە؟ بە وردیی راڤە کراوە، هەتاوەکوو تاکێکی ئۆتۆنۆم و ڕەخنەگر پەروەردە بکرێت.

**کلییلە وشەکان: ئەقڵی ئامرازیی، پەروەردە، ڕەخنەی پەروەردەیی، پەروەردەی ئۆتۆنۆم.**

Recieved: 3/12/2022
Accepted: 3/1/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی:

سـەردەمی رۆشـنگەریی گۆڕانکاری بناغەیـی لـە زۆربـەی بـوارەکانی فەلسـەفە و زانسـتدا بـەدوای خۆیـدا هینـاوە، ئـەم گۆڕانکارییانـە هەڵگـری ئارگۆمینتـی جیـاوازن، بـە تایبـەت ئەندامـانی فێرگـەی فرانکفـۆرت، شرۆڤـەی وردیـان بـۆ دۆخەکـە هەبـووە، هـزری رەخنەیـی ئادۆرنـۆ لـەم بـوارەدا بەشـدارییەکی چـڕ ئـەکات و ئەبێت بـە هەگبەیەکی گرنـگ بـۆ رەخنـەی پەروەردەیـی و بـوارەکانی تـر، ئادۆرنـۆ وەک یەکێـک لـە دامەزرێنـەرانی تیـۆری رەخنەیـی و فەلسـەفەی رەخنـە، رۆڵـی کارای لـە فەلسـەفەی پـەروەردەی هاوچەرخـدا هەیـە، هەرچەنـدە پێداگۆگـی رەخنەیـی بـە بـەراورد بـە بـوارەکانی تـر مێژووییەکـی دێرینـی نییـە، بـەڵام فراوانبـوونی بـوارە جیـاوازەکانی زانسـت و پـەروەردە، بـە تایبـەت دوای هـەردوو جەنگـی جیهانیـی، کێشـەکانی دوای جەنـگ لـە نادادگـەری سیاسـیی، ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی، رەخنـەی پەروەردەیـی وەک پێویسـتییەکی پەروەردەیـی جێگـەی بایەخـی بیرمەنـدان بـووە، ئادۆرنـۆش وەک یەکێـک لـە فیگـەرە سـەرەکییەکانی فرانکفـۆرت لـە رەخنـەی پەروەردەییـدا بەشـدارییەکی چـالاک و گرنـگ ئـەکات، بـە تایبـەت دیـدی ئـەو لەبـارەی پـەروەردە و زاڵبوونی ئەقڵـی ئامرازیـی لە نـاو کۆمەڵگەی سـەرمایەدارییدا، توێژینەوەکـە هەوڵدانێکـە بـۆ شرۆڤەکـردنی پـەروەردە و رەخنـەی پـەروەردە لـە دیـدی ئادۆرنۆوە، کـە ئـەم جـۆرە رەخنەیـە بـۆ پـەروەردەی ئەمـڕۆی مرۆڤایەتیـی پێویسـتە و ئەتوانێـت بەشـدارییەکی بنـەڕەتی لـە بەئـاگا هێنانـەوەی تـاک و ئاگایـی گشـتیدا بـکات، بـە تایبـەت لـە ناوەنـدی رۆشـنبیری و ئەکادیمییـدا، چونکـە هێشـتا جەنـگ و بەربەریـەت و وێرانکـردنی سرووشـت و کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـی بەردەوامـە، بۆیە تیـۆری رەخنەی پەروەردەیـی ئادۆرنـۆ گرنگـە تاوەکـوو نەوەیەکـی ئۆتۆنـۆم و بـە ئـاگا پـەروەردە بکرێـت، وەک هەندێـک لـە وڵاتـان لـە پرۆگرامـەکانی خوێندنـدا پراکتیـزەی ئەکـەن، ئـەم جـۆرە پەروەردەیـە بـۆ کۆمەڵگـەی کوردیـش پێویسـتە و ئەتوانرێـت سـودی لێوەربگیرێـت هەتاوەکـوو تاکێکـی ئۆتۆنۆمـی رەخنەگـر پـەروەردە بکرێـت.

ئامانجـی توێژینـەوە، کـە جگـە لـە راڤەکـردنی بابـەتی پـەروەردە لای ئادۆرنـۆ، خسـتنەڕووی ئەڵتەرناتیڤێکـی بەهێـزە بـۆ پەروەردەیـی سـەرمایەداریی هاوچـەرخ، گرنگـی توێژینەوەکـە لەوەدایـە شرۆڤـەی ئـەو ئەقڵیەتـە ئـەکات، کە لە پشـت دەسـەڵاتی سـتەمکار و تاکڕەوەوەیـە، کـە کۆمەڵکوژی، جینۆسـاید، ئەنفـال ..هتـد. بەجێئەهێنـن، شرۆڤـەی بابەتـێ، کـە مرۆڤـی ئەمـڕۆ لـە نێـو پـەروەردەی سـەرمایەداریی هاوچەرخـدا ئـازادی لـێ زەوتکـراوە و هێـزە بـاڵاکان بـە ویسـتی خۆیـان ئاراسـتەی ئەکـەن.

توێژینـەوە، کـە بـە میتـۆدی شرۆڤـەی رەخنەیـی، شرۆڤەیەکـی رەخنەییانـەی بـۆ هـزری پەروەردەیـی و رەخنـە لـە پـەروەردەی سـەرمایەداریی هاوچـەرخ، بەجێهێـناوە، کـە لـە دووبـەش پێکهاتـووە، هەربەشـێک بەسـەر دوو باسـدا دابەشـکراوە، لـە بـەشی یەکـەم رەخنـە لـە ئەقـڵی ئامرازیـی روونکراوەتـەوە کـە چـۆن لـە رێگـەی زانسـت و تەکنەلۆجیـاوە بووەتـە هێـزی بـاڵا و پـەروەردەی گۆڕیـوە بـۆ (نیـوە پـەروەردە)، لـە بـەشی دووەمـدا (Bildung) پـەروەردە، کـە فۆرمـی پەروەردەیەکـی کامڵـە شرۆڤـە کـراوە، لەگـەڵ رەخنـەی ئادۆرنـۆ لـە پـەروەردەی سـەرمایەداریی هاوچـەرخ.

بەشی یەکەم: ڕەخنە لە ئەقڵی ئامرازیی و پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ لە دیدی ئادۆرنۆوە

باسی یەکەم: ڕەخنە لە ئەقڵی ئامرازیی

تێگەیشتن لە هزر و فەلسەفەی ئادۆرنۆ پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ پاشخانە هزرییەکەی، کە تیۆری ڕەخنەییە، ڕەخنەی ئەقڵی لە فەلسەفە و تێڕوانینی فێرگەی فرانکفۆرتدا پێگەیەکی گرنگی هەیە، ئەمە بەو واتایە نییە، کە تیۆرەکانیان لایەنگری نائەقڵانیی ( Irrational) ن، بەڵکو ئەوان ڕەخنەیان لە ئەقڵی ئامرازیی (Instrumental Reason) و ئەقڵانیی هەیە، ئەمەش بە مەبەستی دووبارە داڕشتنەوەی پرۆژەی ڕۆشنگەریی و متمانە دانەوە بە ئەقڵ.

ئادۆرنۆ بە هاوبەشی هۆرکهایمەر لە کتێبی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەریی) (Dialectic of Enlightenment) (١٩٤٧) دا، بە وردیی لێکۆڵینەوەیان دەربارەی ئەقڵ و ئەقڵی ئامرازیی و چۆنیەتی پەرەسەندنی کردووە، بە تایبەت لە قۆناغی ڕۆشنگەرییدا، بە واتایەکی تر؛ دیدی تیۆرستەکانی فرانکفۆرت لە تیۆری ڕەخنەییاندا و لە ئەقڵی ئامرازیی، شرۆڤەی ئەوانە بۆ ئەو دەرئەنجامەی، ئەقڵانیەتی ڕۆشنگەریی نوێنەرایەتی کردووە. ئەمەش خۆی لە سەر ئەو بنەمایە ئەبینێتەوە، زۆر باوەڕبوون بە ئەقڵی مرۆڤ و تواناکانی، بە ئەندازەیەک ئەقڵ ببووە سیمایەکی دیاری سەردەمی ڕۆشنگەریی و بناغەی زانینی مرۆڤ (Adorno and Horkheimer ٢٠٠٨).

لە بناغەدا تێگەی ئەقڵی ئامرازیی ئەکرێت بگوترێت بەکارهێنان و خستنەکاری کارامەترین ئامرازەکانە بۆ گەیشتن بە کۆتایی شتەکان، کە مرۆڤ بە ئاسانیی و خێراییی بگات بە ئامانجاکانی و شتەکان بە ویست و بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت، لە ئەنجامدا بە فۆرمێک خۆی مانیفێست ئەکات، کە ئەقڵی ئامرازیی بەشێکی گرنگە لە ئەقڵ (Huhtala ٢٠١٨) واتە ئەم پرۆسەیە؛ وەک پرۆسەیەکی ئەقڵانیی دەرئەکەوێت.

لە لایەکی ترەوە بەڵێنی ئەقڵانیی ڕۆشنگەریی بۆ ئازادبوونی جیهان لە ترس و نەزانیی و ئازار، ئەمەش وایکردبوو لە دیالێکتیکی روشنگەرییدا زۆر جەختی لێبکەنەوە، بەو واتایەیی هزری پێشکەوتوو خوازە، ئامانجی سەرەکیی ئازادکردنی مرۆڤایەتیی و بڕوابوونە بە سەروەریی خودی مرۆڤ، چونکە ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر پێیان وابوو «هێشتا زەوی تەواو ڕۆشن (ڕۆشنگەر) بە کارەسات سەرکەوتووانە ئەدرەوشێتەوە» (Adorno and Horkheimer ٢٠٠٨, ٣) مەبەستیان ئەو وێرانکارییانەیە، کە ڕۆشنگەریی بەدوای خۆیدا هێناوییەتی و بەردەوامە.

باوەڕبوون بە ئەقڵیەتی زانستیی و پرانسیپی کرداریی، مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە تەنیا بۆ سەردەمی ڕۆشنگەریی ناگەڕێتەوە، هەروەها ویستی یەکگرتنی ئەقڵانیی و بنیاتنان و زاڵبوونی بەسەر دنیادا، بەڵکو تیۆرستەکانی تیۆری ڕەخنەیی ئاماژەیانپێداوە کە ئەقڵیەتی زانستیی فیگۆرێکی سەرەکییە لە مێژووی هزری خۆرئاوادا، لە پلاتۆنەوە سەرەتای گرتووە هەتا ئەمڕۆ (Horkheimer ١٩٧٤, ٦-٧).

بۆیە ئەندامانی فێرگەکە جەخت ئەکەنەوە، زۆربوونی ستەم و زۆرداریی و نادادگەریی لە کۆمەڵگەی مرۆیدا تەنیا بابەتێکی دەرەکی نییە، بەڵکو کرۆکییە، لە لایەن خودی مرۆڤەوەیە و ڕۆڵی کارای هەبووە، هەربۆیە ئەوان زاڵبوونی بوونی مرۆڤ بەسەر سرووشتدا بە تێگەی ئەقڵی ئامرازییەوە ئەبەستنەوە. لێرەوە ئیشی بنەڕەتی تیۆریی ڕەخنەیی؛ ئازادکردنی مرۆڤ ئەبێت لە ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوە و ڕەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیا و پێکهاتەکانی لە ناو کۆمەڵگەدا. لەبەرئەمە تیۆرستەکان زۆربەی بەرهەمەکانیان لەم بوارەدا چڕکردووەتەوە،

چونکە پێیانوابوو ئەقڵ بووە بە بەشێک لە ئامرازەکانی خۆپاراستنی مرۆڤ هەربۆیە لای ئادۆرنۆ، قەیرانی ئەقڵ کاتێک دێتە ئاراوە کە کۆمەڵگە بەرەو ئەقڵانیی بڕوات، چونکە بە هۆی بارودۆخی مێژووییەوە کۆمەڵگەی مرۆیی هێزی رەخنەی نامێنێت، واتە گۆمەڵگا لە دۆخی چەقبەستوودا ئەبێت. هەرچەند مەبەست لە هێنانە ئارای دادگەری کۆمەڵایەتیی بێت، بەڵام ئەقڵ ئەبێت بە ئامرازێکی کۆمەڵگە ، کە لەم بارودۆخەدا رۆڵە بنەڕەتییەکەی ئەگۆڕێت، لە جیاتی ئەوەی ببێتە بەشێک لە تێگەیشتن و رەخنە بە پێچەوانەوە ئەبێت بە جۆرێک لە نائەقڵانیی و رۆڵە بناغەییەکەی نامێنێت (Giroux ١٩٨٣).

ئامانجێکی تری تیۆری رەخنەیی ئازادکردن و رزگارکردنی مرۆڤە لەو بارودۆخە نائارام و تۆقێنەرە کۆمەڵایەتییانەی، کە بە بۆچوونی تیۆرستەکان هۆکارەکەی هەر زاڵبوونی ئەقڵی ئامرازییە، بۆ ئادۆرنۆ و تیۆرستەکانی تر، زاڵبوونی ئەقڵی ئامرازیی تەنیا ئەو دەرفەتە نییە، کە بە رێگای پراکتیک و دامەزراوە و دیاردەی کەلتوورییەوە هاتبێتە ئاراوە، بەڵکو خودی کۆمەڵگە چاوگی بیری توندڕەویی و ئایدۆلۆژییە هەروەها ناڕوونیی لە پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگەدا.

لە لایەکی ترەوە، ئەندامانی فێرگەکە هاوڕابوون لە بەرپەرچدانەوەی پۆزەتیڤیزمی لۆجیکیی١ و راڤە و تێگەیشتنی پۆزەتیڤیزم٢ بۆ زانست. ناوەندی ئەو تیۆر و ئافراندنانەی، ئەندامانی فێرگەی فرانکفۆرت ئافراندوویانە و پێی ئەناسرێتەوە، زیاتر پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەیان لە سەر ئەقڵ و تەکنیک و چۆنیەتی زاڵبوونی ئەقڵ لە رۆشنگەرییدا، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ مێژووی هەردوو تێگەکە لە قۆناغی ئەفسانەوە هەتا ئەمڕۆ و چۆنیەتی زاڵبوونی ئەقڵ بەسەر سرووشتدا.

لێرەدا پنتی جیاوازیی لە نێوان ناسراوترین توێژینەوە ئەزموونییەکان، کە پەیوەندیان بە زاڵبوون و دەسەڵاتخوازی تاکەوە هەیە چڕەبێتەوە، لە کارەکانیاندا، وەک نوێنەرایەتی فێرگەکەن بە تایبەت: ئادۆرنۆ لە کتێبەکانی: (دیالێکتیکی رۆشنگەریی) (١٩٤٧)، (مینیما مۆرالیا) (Minima Moralia) (١٩٥١)، کەسایەتیی دەسەڵاتخواز (The Authoritarian Personality) (١٩٥٠)، مارکوزەش بە کتێبەکانی: ئەقڵگیران (Eclipse of Reason) (١٩٤٧)، (مرۆڤی تاک رەهەند) (One-Dimensional Man) (١٩٦٤)، کە لە ماوەی جیاجیادا بڵاوکراوەنەتەوە و بۆچوونی جیاواز و هاوبەشیان لەبەرامبەر بابەتە جیاوازەکاندا هەبووە، زۆر جار وەک رەخنەی رادیکاڵ لێیان روانراوە. ئەم بەرهەمانە لە ماوەی رابردوو هەتا ئێستاش کاریگەریی زۆریان هەبوو، بەڵام رەخنەی زۆریشیان ئاڕاستە کراوە، بە تایبەت هەندێک توێژەر پێیانوابوو، تێڕوانینەکانیان کەلتووری رەشبینانەیە، بە رۆچوونە ناو رەهەندی کۆمەڵایەتیی و سایکۆلۆژییەوە (Jay ١٩٩٦).

بە بۆچوونی دەیڤد هێلد؛ هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت، کە تێڕوانینەکانیان تا ئەندازەیەک رەخنەیەکی

---

١- پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی: بزافێکی فەلسەفی بوو لە (١٩٢٠) لە ڤیەننا سەریهەڵدا، بە ئەمپیریزمی لۆجیکیش ناوئەبرێت، پێیان وابوو؛ زانینی زانستیی تاکە جۆری زانینی فاکتییە و هەموو بۆچوونە میتافیزیکییە تradیسیۆنەکان ئەبێ ڕەتبکرێنەوە و بێمانان.

٢- پۆزەتیڤیزم: تیۆرییەکی فەلسەفی ئەمپیرییە، هەرچەند مێژووییەکی دێرینی هەیە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئۆگەست کۆنت خستیەڕوو، دواتر بە فێرگەی پۆزەڤیتیزم ناسراو راڤەیان بۆ بوارە جیاوازەکان (زانست، ئابووریی، مێژوو، هتد..) هەبوو، بەدیدی ئەوان زانینی راستی تەنیا لە ڕێگەی سێنسەکانەوە شیاوە، واتە زانینی راستی تەنیا پەیوەستە بە ئەزموونەوە، جگە لە میتۆدی زانستیی بۆگەیشتن بەزانین، میتۆدەکانی تر رەتئەکەنەوە؛ مێتافیزیک، تیۆلۆژیی. بڕوانە:

«.Auguste Comte”. Sociology Guide. Archived from the original on 7 September 2008»

سیستەماتیکییانەیە لە گەشەسەندنی سیستەمی سەرمایەداریی و ئابووریی سیاسیی مارکسی، بە تایبەت وەک بنەڕەتی تیۆری کۆمەڵایەتیی (Held ٢٠٠٤). کێشەی ڕەخنەگرانی فێرگەی فرانکفۆرت لە بەرامبەر ئەقڵی ئامرازیی پێیانوایە لە زانست و تەکنەلۆژیاوە سەرەتای گرتووە، کە ئەمەش وایکردووە هەنگاو بە هەنگاو ڕۆبچنە سەرجەم کایەکانی ژیان، بە تایبەت فۆرمی هزری مرۆڤ و پاشان ئاڕاستەکردنی ئەمەش وەک ئەوەی، مرۆڤ هێزێکی تر ئاراستەی بکات، نەک خودی خۆی بێت.

تێگەی ئەقڵانییکردن کە ماکس ڤێبەر پێشنیازیکردووە، هەڵگری ئارگۆمێنتێکی ئاڵۆزە، پەرەسەندنی ئەقڵی زانستیی بۆ هەڵسوکەوتی ژیان، ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی ماتماتییککردنی «ئەزموون و زانیین»، کە لە ئەنجامدا «پراکتیکی زانستیی وەک مۆدێلی زانستە سروشتییەکان»، ئەمەش ئەبێت بە بەشێکی تایبەت لە سێکۆلاریزەکردنی کۆمەڵگەی مۆدێرن، کە ڤێبەر زۆرجار بە ڕۆشنبیرکردن، یان بە پێچەوانەوە بێ هیواکردنی جیهان ئاماژەی پێ ئەدات، لە لایەکی ترەوە کاریگەریی سێکۆلاریزم لە دواجاردا پەرەپێدانی ئەقڵانیەتی کۆتایی ئامرازەکانە، کە بەم شێوەیە پێناسە ئەکرێت «گەیشتنی میتۆدۆلۆژی کۆتاییەکی دیاریکراو و پراکتیکی بە بەکارهێنانی حسابکردنێکی ورتر» (Held ٢٠٠٤, ٦٥)، هەربۆیە گەشەسەندنی سەرمایەداریی بەرپرسیارە لە گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو فۆڕمەی ئێستا، کە هەیە. لەلایەکی ترەوە زاڵبوونی ئەقڵانیەت بە بۆچوونی (مارکوزە) ئاکاریێ، کە بە فۆرمێکی سیستەماتیک و جەخت ئاڕاستەی ئامانجە دیاریکراوەکان کراوە. هەر بۆیە شرۆڤەی ئەوان بۆ پەرەسەندنی ئەقڵانیەت، پەیوەست بوو بە هەندێک لە بنەما سەرەکییەکانی ڤێبەرەوە سەرنجیان لە سەر گەشەی ئەقڵانیی کۆتایی ئامرازەکانە، یان وەک زۆرجار ئاماژەیان پێئەدا ئەقڵی ئامرازیی یان ئەقڵی بابەتیی (Held ٢٠٠٤).

بە بۆچوونی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر هەرچەندە هەوڵەکانی ڕۆشنگەریی بۆ دەربازبوون لە ئەفسانە و هزرینی نائەقلانیی بوو، بەڵام لە دەرئەنجامدا هەر نا ئەقڵانیی بەرهەمهێناوە.» کۆمەڵگەی بۆرژوازیی بە هاوتابوو حوکوم ئەکات. نالێکچووەکان بە کەمکردنەوەی بۆ چەندایەتیی ئەبستراکت بەراورد ئەکات. بۆ ڕۆشنگەریی ئەوەی کەم نەبێتەوە بۆ ژمارە، لە کۆتاییدا بۆ یەک، ئەبێت بە وەهم (illusion)؛ پۆزەتیڤیزمی مۆدێرن هەروەکو ئەدەب ئەینوسێتەوە [...] لە دەرئەنجامدا هەموو دەربڕینی مرۆڤ، تەنانەت سەرجەم کەلتوور، لە هزرین ئەکشێتەوە؛ بەوەش هەرچۆنێک بێت ئەگۆڕدرێت بۆ توخمێکی بێلایەنکراوی ڕێژەیی گشتگیری سیستەمی ئابووریی – خۆی، کە زۆر لەمەوبەر نائەقڵانیی کراوە» (Adorno and Horkheimer ٢٠٠٨, ٧-٩١).

یەکێکی تر لە نیگەرانییەکانی ئەندامانی فێرگەکە کاریگەریی و هەژموونی ڕۆشنگەریی بوو لە سەر سرووشت، بۆیە ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر ئەم ئەرگومێنتە پەرەپێئەدەن، بە تایبەت ڕۆچوونە ناو هزرینی ورد، مارکوزە لە گوتارەکەیدا (خەبات دژی لیبرالیزم لە ڕوانگەی تۆتالیتاریی دەوڵەت) ەوە ڕوونیکردۆتەوە؛ (Marcuse ١٩٦٨)، کە تۆتالیتاریزم ئیشی لە سەر وەرچەرخان و دینامیکی سروشتی لیبرالیزم و بەهاکانی ڕۆشنگەریی نەئەکرد و هەوڵی ڕەتکردنەوەی بە شێوەیەکی لاواز بوو، هەربۆیە پرۆسەی یەکسانکردنی سەرکوتگەری تۆتالیتاریزم گەیشتە ئاستێکی باڵا، لێرەوە قۆناغێکی نوێ هاتە ئاراوە، کە گۆڕینی ئامرازیی سروشت بە ویستی مرۆڤ و پەیوەندی لە نێوان مرۆڤایەتییدا، هەتا بە بابەتییکردنی جیهان بە هەمان شێوە کاریگەریی لە سەر پەیوەندی مرۆڤ هەبوو. وەک کارڵ مارکس پێی وابوو: ڕابردووی مردوو هاتبووە سەر حوکم بە سەر

ئێستای زیندوودا، هەرچەندە ئەم کاریگەرییە لە سەر سەرمایەداریی لای کارڵ مارکس سنووردارە. ئەم گۆڕانکارییانە لە بناغەی کەلتوور و زماندا رەنگیان داوەتەوە، یەکێک لەوانە واڵتەر بنیامین، کە هەمیشە جەختی لەسەر بابەتی تیۆلۆژیی زمان ئەکردەوە (Jay ١٩٩٦).

ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر ئەم «جۆرە هێزە ئەقڵییە لە ئیشدا» بە کێشە ئەزانن بە تایبەت ئەو پێشکەوتنە خێرایەیی ئەقڵی تەکنۆلۆژیی (ئامێریی) و چوونە ناو بوارەکانی زانست و کەلتوور، لەبەرئەوەی سروشتی کۆمەڵگەی کورتکردۆتەوە بۆ فۆرمێکی ماتماتیکیی، کە دەرئەنجامەکەی کۆمەڵگەیەکی ئامادەکراوە. یاخود بە سیستەمکراوی بەڕێوەبراو هاتۆتە ئاراوە (D. Cook ٢٠٠٦). بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم تێڕوانینە، روانین لە ئێستای کۆمەڵگەی سەرمایەداریی و چۆنێتیی بەڕێوەبردن و زاڵبوونی سەرمایەداریی، لە زۆربەی بوارە جیاوازەکانی ژیان سەلمێنەری ئەو راستییەن. بۆ تیۆرستەکانی فێرگەی فرانکفۆرت پرۆسەی بە ئەقڵانیکردنی جیهان، دەرکەوتنی ئەقڵی ئامرازیی و وێرانبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی و خراپبوونی بە هۆی شارستانێتیی تەکنەلۆژیاوە، کێشە نییە بەو ئەندازەی، کە ئەقڵانییکردنە بە فۆرمێکی سیستەماتیک، کە ئاماژە بۆ «نائەقڵانیی ئەم ئەقڵانییەتە» ئەکات.

کێشە بنەڕەتییەکە وەک تیۆرستەکان لە ساڵی (١٩٥٦) ئاماژەی پێ ئەدەن «هەڕەشە لەسەر رۆح و ئەمڕۆ و تەنانەت مانەوەی ماتریاڵیی مرۆڤایەتیی ئەکات، نەک پێشکەوتنی خودی تەکنەلۆژیا» (Adorno ٢٠٠٢). هەرچەندە ئەقڵی ئامرازیی لە رۆشنگەرییدا زیاتر بەرەو زاڵبوون هاتووە، بەڵام کاریگەریی ترادسیۆنی رۆشنگەریی بە تایبەت فەلسەفەی کانت و هیگڵ لەسەر لایەنی پەروەردە و مۆراڵ سەرچاوەی سەرەکیین بۆ هزر ئادۆرنۆ، کەلە ئایدیالیزمەوە سەرچاوە ئەگرێت و دواتر تیۆرییەکی مۆراڵیی مانیفێست ئەکات، کە جەخت لە ماتریالیزم ئەکاتەوە. ئەمە نەک هەر بۆ ئادۆرنۆ بەڵکو بۆ هەندێک لە ئەندامانی تری فێرگەکە بەهەمان شێوەیە. ئەم کاریگەرییەش بە وەرگرتنی ئەو هزرانەیە، کە ئەوان بەکاریان هێناون، هەرچەند زۆربەی لایەنە فەلسەفییەکانیان روونکردۆتەوە، بە تایبەت میتۆدی زاڵبووی کانت و بانگەشەی هیگڵ کە مێژوو پرۆژەی ئەقڵە و لە خوود ئاگاییەوە دێتە هەبوون، کە لە دەرئەنجامدا ئەقڵ پراکتیزەی ئەکات و هزرین و ئۆبژێکت یەکانگیر ئەکات، کەواتە هەموو ئەندامان فەلسەفەی ئایدیالیستیان رەتکردۆتەوە کە یەکێتیی و توانا لەنێوان سەبژێکت و ئۆبژێکتدا ئەگەیەنێت، ئەوان پێیانوابوو؛ پرۆسەی مێژوو کورت ناکرێتەوە بە دەرکەوتنی سەبژێکتی رەها، هۆشێکی جیهانیی، کە لەڕێگەی کرداری مرۆڤەوە گەشە بکات، بەرەو یەکانگیریی یان هێزی هزر و جیهان، ئەو دۆخەی کە سەبژێکت لەگەڵ ئەوی تردا خۆی ئەگونجێنێت، کە هیگڵ لە تیۆری ئایدێنتیی و ئایدیالیستیی جەختی لێ ئەکردەوە (Held ٢٠٠٤). هەروەها رەخنەیان لە تیۆری ئایدێنتیی(Identity) مارکس ئەگرت کە مارکسییە ئارسۆدۆکسەکان بانگەشەیان بۆ ئەکرد، مێژوو ناکرێت وەک دەرکەوتەی یاسا ئابوورییەکان راڤە بکرێت. لەباسی دواتردا زیاتر درێژە بە بابەتی رەخنە ئەدەین بە تایبەت لە رەخنەی پەروەردەییدا چڕ ئەبینەوە.

باسی دووەم: رەخنە لە پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ لەدیدی ئادۆرنۆوە

زۆرێک لە توێژەران جەخت لەسەر رەخنەکانی ئادۆرنۆ دەربارەی کۆمەڵگە و کەلتوور ئەکەن، بە تایبەت

نیگەرانی لە سەرمایەداریی مۆدێرن. پیشەسازی کەلتووری (Culture Industry) یەکێکە لەو بابەتانەی لە مەغزای فراواندا تویژینەوەی زۆری لە بارەوە کراوە، بەڵام بەدەر لەمە تێڕوانینەکانی ئادۆرنۆ دەربارەی پەروەردە و پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە، چۆنێتی بڕەودانی بە پەروەردە هەوڵیکن بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی بەهێز، بە ڕۆشنایی خستنەسەر قەیران و کێشە پەروەردەییەکانی دنیایی هاوچەرخ. واتا جۆرە تێگەیشتنێکی نوێن دەربارەی پەروەردە، ئەمەش ئەکرێ وەک ڕێگای رزگاری لە قەیرانە پەروەردەییەکانی هەنووکە لێبڕوانرێن.

دەرککردنی کێشەکان پنتی کاریگەرە بۆ چارەسەرکردن، هەرچەندە ڕەنگە ئادۆرنۆ فەیلەسوفێکی دیاری بواری پەروەردە نەبێت بە تایبەت لە خۆرهەڵاتدا، یان تیۆرەکانی زۆر بڵاو نەبن بە تایبەت لەناوەندی ئەکادیمی کوردیدا، چونکە دەقەکانی دەربارەی پەروەردە هەتا هەنووکە وەرنەگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام گرنگی هزری ئادۆرنۆ لەوەدایە، کە تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی دەربارەی پەروەردە هەر ئەوە نییە پەی بە قەیران و کێشەکان بردووە، بەڵکو ئەو زەقکردن و دیاریکردنە لەخۆیدا هەوڵی جدییە بۆ رزگاری پەروەردە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پاشخانی هزری پێداگۆگی ڕەخنەیی وەک بوارێکی دیاری تویژینەوە و گرنگ لە پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخدا بە تایبەت ئەوانەی لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی کارڵ مارکسدان و خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ کێشە پەروەردەییەکان هەبووە، بەر لە فەرمیکردنی پێداگۆگی ڕەخنەگرانە «ئادۆرنۆ یەکێک بووە لەو بیرمەندانەی کە پێش فرێیری و جیرۆ پێداگۆگی ڕەخنەیی کردووە» (Abengana ٢٠١٧).

لە کاتێکدا چەندین پێناسەو بۆچوونی جیاواز لە سەر پێداگۆگی ڕەخنەیی هەن، زۆربەی ئەدەبیاتی بابەتەکە بە باسکردنی پێداگۆگی ڕەخنەیی لە رووی مێژووییەوە پەیوەستە بە باگراوند و باسکردنی ڕەگەزەکانی تیۆری ڕەخنەییەوە، کە بناغەکەی لە تیۆری ڕەخنەیی فێرگەی فرانکفۆرتەوە ساڵی (١٩٣٧) وەرگیراوە، واتە لە تیۆری ڕەخنەییەوە سەرەتا دەستی پێکردووە (McLaren ٢٠١٦)، و لە ژێر کاریگەریی هزری مارکسدا، کە پێیوابوو کرۆکی کێشەکە ئەو نایەکسانییەیە، کە لە ئەنجامی جیاوازیی کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانەوە لە نێو چینەکانی کۆمەڵگەدا چێبووە، لە بناغەدا مارکس روونیکردۆتەوە کە دادگەری کۆمەڵایەتیی لە نێو کۆمەڵدا پەیوەستە بە بارودۆخی ئابوورییەوە (Breuing ٢٠١١).

لە کاتی دامەزراندنی فێرگەی فرانکفۆرتدا، ئەندامانی لە سەر ڕەخنەیی کۆمەڵایەتیی یەکگرتوو ڕێکەوتبوون، لەو کاتەدا هێشتا هزری مارکسی لەنێو کۆنتێکستی ئەواندا لە ئاستێکی باڵا دابوو. بە تایبەت پەیوەست بە لایەنی پەروەردەییەوە. ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر، بە تایبەت مارکوزە لەسەرەتای کارەکانیاندا پێیانوابوو، «پرۆسەی خوێندنی فێرگە، دەرفەتەکانی فێرخوازان رائەگرێت بۆ داڕشتنی ئامانجەکانی خۆیان و ئامانجەکان، لە بنەڕەتدا خزمەت بە کەمکردنەوەی کارامەی فێرخوازان ئەکات» (Apple ٢٠١٢).

لە دوای ئەندامانی فێرگەکە ئەکرێ بڵێین پێداگۆگی ڕەخنەیی ئەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوف پاوڵۆ فرێیری (١٩٦٨)، کە لە کتێبی (پێداگۆگی بۆ ستەم لێکراوان)، بەرگری لە ماف و خەباتی هەژاران ئەکرد، لە بواری ئابووریی و کۆمەلایەتیی لە ئەمریکای لاتین و بەرازیل. پاوڵۆ هەوڵیدا بە تایبەت کێشە پەروەردەییەکان، بە تایبەتتر کێشەی چینی هەژاران بخاتەڕوو، لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئەوەی ئیدێ بە شێوەی پراکتیک خزمەتی

باشترکردنی ژیانی خەڵکی هەژارو پەراوێز خراوی وڵاتەکەی بکات. هەوڵیدا ستراتیژێک بدۆزێتەوە، کە خوێندەوار داوای مافی خۆی بکات (Kincheloe ٢٠٠٤).

ئەم ئارگۆمێنتەی بە فۆرمێکی پراکتیکی ئاماژە پێکردووە، بە تایبەت جەختی لەوە ئەکردەوە، پێویستە خەڵک بەشداری لە پراکتیک بکەن نەک تیۆر، لێرەوە مەبەست و ئامانجی سەرەکیی بۆ کارکردن و گۆڕانکاری دادگەری کۆمەڵایەتیی بێگومان هەموو ئەمانە بە شێوەیەک، کە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان بهێنرێتە ئاراوە (Breuing ٢٠١١) هەرچەند فرێیر ئیشی زۆر لەسەر پێداگۆگی ڕەخنەیی کردووە، بەڵام سەرەتاکەی بۆ ئەندامانی فێرگەی فرانکفۆرت ئەگەڕێتەوە، بە تایبەت ئادۆرنۆ، کە گوتارو چاوپێکەوتنەکانی لەم بوارەدا سەرچاوەی سەرەکین، هزری پێداگۆگی ڕەخنەی ئادۆرنۆ زیاتر لە ڕاڤەی تێڕوانینەکانی خراوەتەڕوو بە تایبەت گوتارو چاوپێکەوتنە رادیۆیەکانی لەگەڵ هێلمۆت بێکەر و گوتارە بەناوبانگەکەی (پەروەردە دوای ئاوشڤیتز) کە لە (١٩٦٦) بڵاوکرایەوە، ئادۆرنۆ لە سەرەتای گوتارەکەیدا ئەڵێت: «داواکاریی سەرەکی لە سەر هەموو پەروەردەکان ئەوەیە کە ئاوشڤیتز دووبارە نەبێتەوە. ئەولەویەتی ئەوە پێش هەر مەرجێکی تر بە جۆرێکە، کە من پێموایە پێویست ناکات و نابێت پاساوی بۆ بهێنمەوە. من ناتوانم لەوە تێبگەم، بۆچی تا ئێستا ئەوەندە کەم گرنگی پێدراوە. پاساو هێنانەوە بۆی لە بەرامبەر ئەو ئەهریمەنییەی، ڕوویدا» (Theodor ١٩٦٦, ١).

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە دیدی ئادۆرنۆ لە بارەی ڕەخنە و هزری پەروەردەیی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی درەنگدا، پێویستە زۆرێک لە نوسینەکانی شرۆڤە بکەین، چونکە لە تەنیا نوسینێکدا ئاماژەی پێنەدراوە، بەڵکو لە چەند کتێب و چاوپێکەوتن و گوتار و وانە و وتاری جیاواز لەماوە و قۆناغی جیاجیادا. سەرەکیترینیان (کەسایەتیی دەسەڵاتخواز) (١٩٥٠)، (پەروەردەی دوای ئاوشڤیتز) (١٩٦٦)، (تیۆری نیوە پەروەردە) (Theorie der Halbbildung) (١٩٥٩)، پاشان کتێبی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەریی) (١٩٤٧) بە هاوبەشی لەگەڵ هۆرکهایمەر، کە زۆرجار وەک گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ڕەخنەیی فێرگەی فرانکفۆرت لێی ئەڕوانرێت. لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تر (تابووەکان لەسەر پیشەی وانەوتنەوە) لە ٢١ی ئایاری (١٩٦٥)، کە وەک ڕاپۆرتێک لە پەیمانگای بەرلین بۆ توێژینەوەی پەروەردەیی (بەرلینی ڕۆژئاوا) خوێندرایەوە. (فەلسەفە و مامۆستیان) بۆ یەکەم جار لە تشرینی دووەمی (١٩٦١) لە ماڵی فێرخوازانی فێرگەی فرانکفۆرت خوێندرایەوە. دواتر کۆمەڵێک چاوپێکەوتنی رادیۆیی لەگەڵ هێلمۆت بێکەر (پەروەردە بۆ پێگەیشتن و بەرپرسیارێتی) لە ساڵانی (١٩٥٩-١٩٦٩)، هتد...، کە لە (١٩٧١) دوای مردنی ئادۆرنۆ بڵاوکراوەتەوە.

هەرچەند ئادۆرنۆ نوسینی زۆرە بەڵام بناغەی هزری پەروەردەیی ئەتوانرێت، لە توێژینەوە بەراییەکانی، دەربارەی (کەسایەتیی دەسەڵاتخواز) لە ساڵی (١٩٥٠) لە کاتی جەنگ و کەمێک دوای جەنگی دووەمی جیهانیی، لە تەک چەند نوسەرێکی تر لە زانکۆی کالیفۆرنیا بیرکلی نوسیویانە، کە گەرانە بەدوای کۆمەڵێک پرسیار، بە تایبەت مۆراڵ و ئاکاری مرۆڤی دەسەڵاتخواز، لە نێو ڕژێمە تۆتالیتارەکان، بە زۆری ڕژێمی نەتەوەی سۆسیالستی ئەڵمانی، کە کۆمەڵێک ڕوانگە و ڕاڤەی وردی کردووە، وەک پێوەرێک بۆ ناسینەوەی تایبەتمەندی کەسیی پاوانخواز، ناویان نابوو فاشیست (Fascist)، بە دیاریکردنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ ناسینەوەی ئەم جۆرە کەسایەتییە، لەگەڵ پەروەردەیەکی دەسەڵاتخوازیدا ژیاون، لە منالییەوە ئەزموونیان

کردووە، لەوانە ملکەچی دەسەڵات، شەڕانگێزی، ڕێگریکردن، خورافات، چەقبەستووی، دەسەڵات و توندڕەوی، وێرانکاری، ڕق و زیادەڕۆیی لە سێکسدا (Adorno ١٩٥٠). هەر لەم توێژینەوەیەدا زیاتر گەڕان و ڕاڤەی بوونی سیستەمی تۆتالیتاریزم و ئەگەری هاتنە دەسەڵاتی کەسایەتیی تۆتالیتار و چۆنیەتی ڕێگریکردنی، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی وردی پەروەردەییە، بە ڕۆچوونە ناو ئاکار و سایکۆلۆژی مۆڕاڵی ئەم جۆرە کەسایەتییە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لە رابردوودا.

یەکێکی تر لەو ئیشانەی زۆر هزری پەروەردەیی ئادۆرنۆی تیادا چێبووە گوتاری ڕادیۆیی (پەروەردەی دوای ئاوشڤیتز (Erziehung nach Auschwitz)٣ لە (١٩٦٦) دا، ئەم گوتارە تەنیا بۆ ماوەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو هەتا ئەمڕۆ جێگەی بایەخە، چونکە دووبارەبوونەوەی ئاوشڤیتز ئەگەرێکی بەردەوامە کە هێزە ستەمکارەکانی دونیا لە هەر کاتێکدا بێت هەر ئەنجامی ئەدەن وەک ئاگامبێن ئەڵێت: «[ئاوشڤیتز] هەرگیز لە ڕوودان نەوەستاوە؛ هەمیشە لە ئێستاوە خۆی دووبارە ئەکاتەوە» (Agamben ٢٠٠٢, ١٠١).

گوتارەکەی ئادۆرنۆ ڕەهەندی جیاواز لە خۆ ئەگرێت، بە تایبەت لە وەڵامی ئەو دڕەندەیی و کوشتارییەیی لە ماوەی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا ڕویدا، بە تایبەتتر لە وەڵامی هۆلۆکۆست. بەبۆچوونی ئادۆرنۆ، بەربەرییەت شتێک نییە کە تەنها مەترسی دووبارەبوونەوەی هەیە، کە ئەو پێداگری ئەکات، وەک چۆن ئاوشڤیتز دووبارەبوونەوەی نەخۆشییەکە بوو، کە چارەسەرەکەی بەرەنگاربوونەوەی هزری تاکڕەوییە، بێگومان ئەم جۆرە هزرە پێویستی بە پەروەردەیەکی ڕەخنەگرانەیە، نەک تەنها جۆرێک لە پەروەردەکردن بۆ ڕێگریکردن لە هزری تاکڕەوانە، بەڵکو گەرەکە چالاکانە بەرەنگاری ببینەوە، بە تایبەت ئەو هزرانەی، ئەم جۆرە کردارانە بەرهەمدێنن (Katz ٢٠٢٢). ئادۆرنۆ ئەڵێت: «مرۆڤ باس لە مەترسی دووبارەبوونەوەی بەربەریزم ئەکات [...]، ئاوشڤیتز ئەم دووبارە بوونەوەیە بوو، و بەربەریەت بەردەوامە تا ئەو کاتەی ئەو بارودۆخە بنەڕەتیانەی، لە بەرژەوەندی ئەو دووبارەبوونەوەیەدان، تاڕادەیەکی زۆر بە بێ گۆڕانکاری بەردەوام ئەبن ئەوە تەواوی ترسناکییە [...] هەرچەندە مەترسییەکە لەم سەردەمەدا بە نەبینراوی ئەمێنێتەوە» (Theodor ١٩٦٦, ١)

هەربۆیە دیدی ئادۆرنۆ جۆرە ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە، لە ئەگەری دووبارەبوونەوە و بەردەوامی بەربەریزم، کەواتە ئەبێت جۆرە پەروەردەیەک هەبێت، ئەوە بکاتە پێش مەرج، کە بەربەریزم لە ناو مرۆڤدا ئەژی و بەردەوام مەترسییە بۆ دووبارەبوونەوە، لێرەدا گەرەکە ئەو دۆخە بەراورد بە چەند ساڵ دوای گوتارەکەی ئادۆرنۆ بکەین، چەندین حاڵەتی هاوشێوەی ئاوشڤیتز دووبارە بوونەتەوە، لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، یان لە هەندێک ناوچەی خۆرهەڵاتی ناڤین، کە ویستی تاکڕەوی بەردەوام ئامادەیە، بەردەوام ویستی ئیدیۆلۆژی توندڕەو، سڕینەوە و قڕکردنی هێزەکانی لە خۆی بچووکتر هەیە، هێزە کەمینەکان ئەو هێزانەی، لەگەڵ مەیلەکانی ئەودا نین.

---

٣- (پەروەردە دوای ئاوشفیتز) یەکێکە لەو گوتارانەی کە هزری پەروەردە و پێداگۆگی ڕەخنەیی ئادۆرنۆ تێیدا چێبووە، شرۆڤەی زۆری لەبارەوە کراوە، مەبەست لە ئاوشفیتز (Auschwitz) ناوێکی ئەڵمانییە بۆ شاری ئۆشویچیمی (Oświęcim) پۆڵەندای داگیرکراو لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە، ئەکەوێتە نزیک ڕۆژئاوای کراکۆڤەوە. نازییەکان لە (١٩٣٩) ناوچەکەیان گرت و کردیانە ئۆردوگا و کوشتارگەی کۆکردنەوەی جوەکان و دژەنازییەکان، کە نزیکەی یانزە ملیۆن کەس بوونە قوربانی، کە لەچەند کەمپێک پێکهتبوو لە ناوچە جیاوازەکانی ئاوشڤیتز، بڕوانە:
Paul R. Bartrop. (2016). Resisting the Holocaust: Upstanders, Partisans, and Survivors. United States of America: Santa Barba-.ra, California and Cremona Drive

ئـەم تێڕوانینـەی ئادۆرنـۆ چەنـد بـۆ قۆناغـی دوای هـەردوو جەنگـی جیهانیـی گرنـگ بـوو، ئەکـرێ بڵێیـن بـۆ ئێستای کۆمەڵگـەی هاوچـەرخ گرنگـترە، چونکـە مرۆڤایەتیـی دوایـی ئـەم هەموو جەنـگ و کارەسـات و قوربانییە، هێشتا هـەر هێـزی شـەرانگێزی تێـدا بەردەوامـە، وەک چـۆن جینۆسـایدو قڕکـردنی هێـز و نەتـەوە و ئایـن و گروپـە بچووکـەکان بەردەوامـی هەیـە، بەبیانـوی جیـاواز، وەک جیاوازیـی رەگـەزی و ئاینـی ئەتنیکـی و ئایدۆلـۆژی و ناسـۆنالیزمی تونـدڕەو. بۆیـە لێـرەدا هەنـگاوی بناغەیـی گەرەکـە کـە «رزگارکـردنی تـاک لـە جیهانێکـی تۆتالیتـار، بـە تـەواوی بیرۆکراتیـزە کـراو، بـە تـەواوی ئابـووری» (Nigel Blake & Jan Masschelein ٢٠٠٣, ٤٠) یـەوە هەروهـا جـۆرە پەروەردەیـەک لـە ئاینـدەدا بتوانێـت مـرۆڤ رزگار بـکات، ئەمـەش پێویسـتی بـە ئەڵتەرناتیڤـی ورد هەیـە، بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی پانتایـە جیـاوازەکان، بـۆ ئادۆرنـۆ «تاکـە دەسـەڵاتی راسـتەقینە، کـە دژی بنەمـای ئاوشـڤیتز وەسـتاوە، ئۆتۆنۆمییـە [...] هێـزی بەرپەرچدانەوەیـە، دەسـەڵاتی چارەنووسـساز» ە (Theodor ١٩٦٦, ٤)، چونکـە کاتێـک تـاک پـەروەردەی ئۆتۆنۆمـی هەبێـت، خـۆی سـەروەری بڕیـاردانی هەیـە نـەک هێـزی ئایدۆلـۆژی و ستەمکار ئاراسـتەی بکـەن، بەڵکـو ئاگاییانـە مامەڵـە ئـەکات و توانـای رووبەڕوبوونـەوەی تاکڕەوی تیایـدا زیاتـر گەشـەئەکات، لـە باسـەکانی دواتـردا وردتـر شرۆڤـەی ئەکەیـن.

لـە لایەکـی تـرەوە پـەروەردە لـە کۆمەڵگـەی سـەرمایەداریی هاوچەرخـدا، لـە دۆخـی چەقبەسـتودایە، لـە جیـاتی ئـەوەی هێـزی رزگاری بێـت، بـە پێچەوانـەوە خەریکـی وەرگرتـن و بـە سـتاندارکردنی پەروەردەیـە، بـە تایبـەت، لـە رۆژگاری ئەمـڕۆدا، وەک هەندێـک لـە وڵاتـان هەوڵـی یەکسـانکردن و سـتانداردکردنی پـەروەردە بـۆ یـەک جـۆری پـەروەردە جێبەجێئەکـەن، ئەمـەش مەترسـییە بـۆ ئـەوەی «ئەقـڵ بگـۆڕێـت بـۆ ئامرازێکـی زاڵبـوو، هەروەهـا ژینگـەی نـاوەوەی فێرخـواز، بەمـەش لایـەنی مۆراڵـی ئەخرێتـە چوارچێوەیەکـی داخـراوەوە، هەربۆیـە پـەروەردە و دەزگا پەروەردەییـەکان ئەکەونـە بـەردەم پرسـیاری مۆراڵـی و لـە رێگـەی پشـتگیری و بـرەودان بـە لایـەنی مۆراڵـی ئەبێـت بـە لایـەنی کرۆکـی لـە پرسـە پەروەردەییەکانـدا» (Huhtala ٢٠١٨, ١٠).

بـۆ نموونـە لـە پـەروەدەی هاوچەخـدا بەرنامـەی هەڵسـەنگاندنی نێودەوڵـەتی فێرخـوازان، کـە نـاسراوە بـە (PISA) لـە لایـەن رێکخـراوی هـاوکاری و گەشـەپێدانی ئابـووری (OECD) بەڕیوەئەبرێـت، کـە وڵاتـانی ئەنـدام و نائەنـدام تیایـدا بەشـدارن ، پێـوەری هەڵسـەنگاندن لـە سـەر ماتماتیـک و زانسـتە، لێـرەدا ئـەم نموونەیـە پیمانئەڵێـت چـۆن سیاسـەتی پەروەردەیـی پراکتیـزە ئەکرێـت، تێیـدا وڵاتـە لاوازەکان (خـاوەن نمـرەی نـزم) سیاسـەتی وڵاتـە بەهێـزەکان، بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ پراکتیـک ئەکـەن، بەبـێ ئـەوەی شرۆڤـەو وردەکاری تـەواو بکـەن، بزانـن هەتـا چەنـد ئـەم سیاسـەتە لەگـەڵ بارودۆخـی ئـەم کۆمەڵگەیـەدا ئەگونجێـت، واتـە بەبـێ هزریـن پرۆگرامـە پەروەردەییـەکان وەردەگـرن (Winstanley ٢٠١٢).

بـۆ روونکردنـەوەی زیاتـری بابەتەکـە ئامـاژە بـە سیسـتەمی خوێنـدنی بـاڵای هەرێمـی کوردسـتان ئەکرێـت، بەرپرسـانی بوارەکـە بۆلۆنیـا پرۆسێسـیان گواسـتۆتەوە بـۆ نـاو خوێنـدنی بـاڵای هەرێـم و جێبەجێئەکرێـت. کـە پرۆسـەیەکی ناوچـەی خوێنـدنی بـاڵای وڵاتـانی ئەوروپییـە، هەوڵـدەدات سیسـتەمێکی یەکگرتـوو و سـتاندار بـۆ خوینـدنی بـاڵا پراکتیـزە بـکات (Dominique ٢٠١٨ ٢٤ March ٢٠٢٠)، «بـەم شـێوەیە فۆکـس لـە جەوهـەری پـەروەردەوە گـۆڕاوە بـۆ کۆپیکردنـی پراکتیـزە پەروەردەییـەکان بـە رۆحـی نیـو لیبرالیـزم. پراکتیـزەکانی پەروەردەیـی کـە کارنامـەی گەشـەی ئابووریـی و کێبڕکێیـان هەیـە، پـەروەردە بەرتەسـک ئەکەنـەوە بـۆ کایـەی ئـەو مەرجانـەی،

پێشتر دامەزراون» (Huhtala ٢٠١٨, ١٠)، هەربۆیە یەکخستن و یەکسانکردنی سیستەمی پەروەردە لە سەر ئاستی دنیادا جێگەی نیگەرانییە و مەترسییە لەسەر خودی پەروەردە، چونکە بە بازاڕکردنی پەوەردە و تەنیا گرنگیدان بەلایەنی ئابووریی، پەروەردە بەرەو دواوە ئەبات و پاشەکشە بەرەو (نیوە پەروەردە) (Halbbildung) ئەکات، کە تەنیا پەروەردەیەکی رووکەشە، واتە پەوروەردە لە پێناو بە بازاڕکردن نەک پەروەردە بۆ خودی پەروەردە بێت، بە زاراوەی ئادۆرنۆ (نیوە پەروەردە) (Halbbildung). بێگومان ئەم کێشەیە یەکێکە لە کێشە کرۆکیەکانی سەردەمی نیو لیبراڵیزم، کە پیشەسازی کەلتووری تێیدا لە گەشەدایە، وەک ئادۆرنۆ ئاماژەی پێکردووە «کاتێک پەروەردە لۆژیکی بازاڕ ئەگرێتە ئەستۆ» (T. e. Adorno ١٩٨٣, ٢١) لێرەوە پەروەردە لە کرۆکی خۆی لادەدات بەرەو مەبەست و ئامانجی جیاواز هەنگاو ئەنێت، ئەمەش بەرەو شکست و «جوڵەی دیالێکتیکی هۆش لە نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکتدا»، کە ناتوانرێت ئاڕاستە بکرێت و لەو قۆناغە ئەربچێت، لێرەوە پەروەردە توانای بەهێزکردنی تاکی نیە بەرەو ئۆتۆنۆمی بەڵکو لەنێو بازنەی (نیوە پەروەردە) دا ئەمێنێتەوە.

هوهتالا پێیوایە: «کۆدەنگییەکی باو هەیە کە پەروەدەی هاوچەرخ زیاتر بە رەوتێکی دۆگماتیکی پێوانەکردن و یەکگرتن بەکاردەهێنرێت و دواتر پرۆگرامە پەروەردەییەکان زیاتر لە یەکتر ئەچن. جگە لەوەش، لە هەمان کاتدا سیاسەتە نیو لیبرالییەکان بەرەو پێشچوون و بوارە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ لەخۆدەگرن» (Huhtala ٢٠١٨, ١١) ، کە ئەمەش لە ئەنجامدا برەودانە بە ئەقڵی ئامرازیی و پەروەردەیەکی رووکەش ، کە تاک لە چوارچێوەیەکی نەگۆڕ و چەقبەستودا ئەمێنێتەوە، بۆ نزیک بوونەوە لە ئەڵتەرناتیڤی شیاو لە بەشی دووەمدا ئەو جۆرە پەروەردەیە شرۆڤە ئەکەین، کە ئادۆرنۆ جەختی لێئەکاتەوە.

بەشی دووەم: (Bildung) پەروەردە وەک ئەڵتەرناتیڤی، نیوە پەروەردە (Halbbildung) لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا

باسی یەکەم: (Bildung) پەروەردە لە هزری ئادۆرنۆدا

خودی تێگەی پەروەردە ناوەندی هزری ئیشەکانی ئادۆرنۆیە، سەرەڕای ئەوە ئەکرێ بگوترێت، بەشداری ئادۆرنۆ لە دیدی پەروەردەی هاوچەرخدا گرنگترین بەش لە کارەکانی پێکدەهێنێت، هەرچەندە تیۆرەکانی خۆی لە تێگەیشتنی بواری کۆمەڵایەتیی و کەلتووریدا چڕبووەتەوە، بەڵام روانگەی سەرەکیی روانینی پۆزەتیڤ و کۆنکرێتین، کە جۆرێک لە پێداگۆگی دروستکەری لێ بەرهەمدێت، هەروەها چاکسازی لەدامەزراوە پەروەردەییەکان و دیدی وردی لەو بارەیەوە ئەکرێت، وەک ئەڵتەرناتیڤی قووڵ و دروست، نەک ئایدۆلۆژی و زاڵبوونی سەرمایەداریی بۆ زۆربەی بوارەکانی پەروەردە، کەلتوور و ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی هاوچەرخ لێی بڕوانرێت. گرنگیدانی ئادۆرنۆ بەبابەتی پەروەردە بەشدارییەکی سەرەکی کردووە، لە رۆشنبیری گشتیدا و تەنانەت ئەکرێت وەک پاڵهێزێک بۆ لایەنی پراکتیکی لێی بڕوانرێت.

ساڵی (٢٠١٩) کتێبێکی تا رادەیەک قەبارە بچووک بڵاوکرایەوە، کە یەکێک بوو لە پڕ فرۆشترین کتێبەکانی ئەڵمانیا، بە ناونیشانی (روخسارەکانی راستڕەوی نوێی توندڕەو (Aspekte des neuen Rechtsradikalismus)) کە جێگەی تێڕامان بوو. ئەم کتێبە بچووکە گوتارێکی بڵاونەکراوەی ئادۆرنۆی تێدابوو، کە لە (١٩٦٧) دا

پێشکەشی کردبوو (T. W. Adorno ١٩٦٧/٢٠٢٠)، دوای سەرکەوتنی پارتی ئەڵمانی «ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا»، (Alternative für Deutschland, AfD) لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٧ و٢٠١٩)، نوێ بوونەوەی بابەتێکی لەم چەشنە و هەنووکە هاتە ئاراوە، لەو کاتەدا بەشێک لە خەڵکی پێیان وابوو، پارتە راسترەوەکانی ئەڵمانیا دوای جەنگی دووەمی جیهانیی هەرگیز زاڵ نابنەوە، ئەوەی جێگەی رامان بوو، لە دوای ئەوەی پارتی نیشتمانی دیموکراتی ئەڵمانیا (NPD) لە شەستەکاندا سەریهەڵدا (سەرکەوتنێکی بەرچاو)، بەڵام دواتر لە حەفتاکاندا بەرەو نەمان رۆیشت (Vogt ٢٠٢١)، ئەم دەقە پەنجا ساڵەی ئادۆرنۆ جۆرێک لە روونکردنەوەی بۆ سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی پارتی (AfD) و پەیوەست بە لایەنی بابەتیی و خوێندنەوەی سیاسیی ئەخاتەڕوو، ئادۆرنۆ ئەڵێت: «هیوا خوازم بچمە ناو پرسی رێکخراوە نازییە نوێیەکانەوە. مانەوەی سۆسیالیزمی ناسیۆنالیزم لە ناو دیموکراسیدا بە مەترسیدارتر ئەزانم لە مانەوەی مەیلە فاشیستییەکان دژی دیموکراسی. دزەکردن ئاماژەیە بۆ شتێکی بابەتیانە؛ کەسایەتییە نادیارەکان ئەگەڕێنەوە و پۆستەکانی دەسەڵات داگیر ئەکەن، بە تاکە هۆکارێک کە بارودۆخەکان لە بەرژەوەندی ئەواندا ئەبێت» (T. W. Adorno ١٩٥٩/١٩٩٨, ٩٠).

ئادۆرنۆ لێرەدا خۆی لە باسکردنی نازییەکانی پێشوو بە دوور گرت، کە لە ساڵانی شەستەکاندا کاریگەر بوون، بەڵکو بە باسکردنی رێکخراوە راسترەوە توندڕەوەکان خەریکبووە، چونکە نیگەران بوو لەوەی چۆن مەیلی راسترەوە توندڕەوەکان لە ناو کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا گەشە ئەکەن، لەبەرئەوەی ئەم کولتوورانە فەزا و هەلومەرجیان بۆ وەها سەرهەڵدانێک دابین کردووە. دیدی ئادۆرنۆ هەنووکە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەم رووەوە کارپێکراوە، ئەوە نیشان ئەدات، ئەگەر کۆمەڵگەی ئەقڵانیی، ئازاد، دیموکراسییان، وەک ئامانجی کۆتایی بۆ پەروەردە لە هۆشدا بێت، چونکە ئەوەی جێگەی نیگەرانییە نازییەت نییە لە فۆرمی کۆن و نوێدا بەو ئەندازەیەیی، دیموکراسی بە سەرکەوتوویی دامەزراو، بەڵکو سەرهەڵدانی راستڕەوی نوێیە، کە دیاردەیەکی جیهانییە و تەنیا پرسێکی ناوخۆی ئەڵمانیا نییە، نەک تەنیا لە دنیایی خۆرئاوادا و دیموکراسی و میدیا بە گشتی، بەڵکو بووەتە جێگەی پرسیار و هەڵوێستە لە سەر کردن، بە تایبەت بۆ تیۆرە پەروەردەییەکان، کە نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی گونجاو کاردانەوە و هەڵوێستیان بەرامبەر بەم بابەتە هەبێت (Vogt ٢٠٢١). لێرەدا زیاتر رۆدەچینە کرۆکی تێگەی پەروەردە لە دیدی ئادۆرنۆوە.

بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئادۆرنۆ دەربارەی تێگەکە ئەکرێ بگوترێت ئادۆرنۆ گرنگی بە دوو رەهەندی پەروەردەیی داوە: یەکەم/ ئاماژە بە پەروەردە لە قۆناغی منداڵیدا ئەکات. دووەم/ ئاماژە بەو ئاگاییە گشتییە ئەکات، کە پەیوەستە بە بارودۆخ و ژینگەی هزری و کەلتووری کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە (دووبارەبوونەوەی ئاوشڤیتز) کە ئیش لە سەر ئەو لایەنانە ئەکات، چۆن ئاگاییەکی بەهێز دێتە ئاراوە، ئاگایی لەوەی ئەو پاڵهێزانەی هاندەر بوون لە روودانی، لە باسی دواتردا وردتر شرۆڤەی ئەکەین.

ئادۆرنۆ لە تیۆری نیوە پەروەردە (١٩٥٩) کە راڤەی تێگەی پەروەردەی کردووە، جەخت لەوە ئەکاتەوە کە (Bildung)٤ پەروەردە واتا بنەڕەتیەکەی خۆی لە دەستداوە، لە ژێر هەڕەشە و بەرەو خراپتر بووندایە،

٤- (Bildung): بەواتای پەروەردە دێت بەڵام، ئەو پەروەردە باوە نییە کە، لە ئەمڕۆ دنیایی سەرمایەدارییدا باڵایە بەڵکو، ئەو جۆرە پەروەردەیە کە لای ئادۆرنۆ پەسەندە و پەیوەستە بەلایەنی کەلتوورییەوە، توێژەرانی بوارەکە هەر زاراوە ئەڵمانییەکە (Bildung) بەکارئەهێنن لە توێژینەوەکانیاندا، لە زمانی ئینگلیزیشدا بەهەمان شێوە هەر (Bildung) بەکارهێنراوە.

فۆرمێکە بەرەو نیوە پەروەردە ئەڕوات. پنتی سەرەتای تیۆری (Bildung) پەروەردە تێگەیشتنێکی ئاسایی و باوە، کە وەک بابەتێکی کەلتووری لێیەڕوانرێت (T. W. Adorno ١٩٥٩, ٩). گەرەکە لێرەدا راڤەی تێگەی کەلتوور بکەین، چونکە پەروەردە پەیوەستە بە لایەنی کەلتوورییەوە، کەلتوور بەزاراوەی هیگڵ «هۆشی ئۆبژێکت (Objective spirit) ە، کە بریتییە لە ئیدێ، تێگە، دنیابینی، بەو واتایەی مرۆڤایەتی لە گەشەسەندنی مێژوویی خۆیەوە دێتە بوون، یان بە لێرەبوونی خۆی ئەگات.

لە زمانی ئەڵمانیدا هەردوو وشەی (Billdung و Erzinhung ٥) بۆ وشەی پەروەردە بەکار ئەهێنرێت و ئادۆرنۆ لە نوسینەکانیدا هەردوو تێگەکەی بەکارهێناوە، لێرەدا هەوڵئەدەین راڤەی (BiIldung) بکەین ، کە لە بنەرەتدا فۆرمێکی تایبەتە و پەیوەستە بە فەلسەفەی ترادسیۆنی ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە، واتا (BiIldung) کارلێکی نێوان هۆشی سەبژێکت و ئۆبژێکتە، لە تەک جیهاندا ( Pauli Siljander, Ari Kivelä, Ari Sutinen ٢٠١٢).

ئادۆرنۆ «پەروەردەی (BiIldung) بە مەغزای بەردەوامی ململانێی نێوان ئۆتۆنۆمی تاک و گونجاندن لەگەڵ داوای کۆمەڵگە ئەزانێت، چونکە (BiIldung) پرۆسەیەکی دیالێکتیکییە، بەردەوام لە نێوان ئازادبوونی تاک و داوای ملکەچبوون بۆ کەلتوور و کۆمەڵگەدا دێت» (Christian ٢٠١٠)، هەربۆیە تێگەی (BiIldung) وەک دیاردەیەکی راستەقینەی کۆمەڵایەتیی، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ» (Stojanov ٢٠١٢, ١٢٦) بێت هەندێک لە بیرمەندان و توێژەرانی بواری پەروەردەی هاوچەرخ کە پسپۆری میتۆدێکی «کۆمەڵایەتیی-پراگماتیزمیی» ن شرۆڤەیان کردووە، جۆن مەکدۆوێڵ وشەی (Bildung) بۆ «دیاریکردنی پرۆسەی چاوکردنەوەی مرۆڤ بەڕووی فەزای هۆکارەکاندا، بە رووی جیهاندا، بە بەدەستهێنانی سروشتی دووەم. ئەم بەدەستهێنانە بابەتی کۆمەڵایەتیکردنە، کە کەسێک لە لایەن هەندێک پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە لە قاڵب ئەدرێت» (McDowell ١٩٩٦, ٨٤-٨٨).

ئەم جۆرە پەروەردەیە (تەواوە) پەیوەستە بە ئیدێ (Billdung) (ویلهێلم ڤۆن هومبۆڵت) (١٧٦٧)، وەک بەرزترین ئاستی گەشەسەندن و کامڵبوونی کەسایەتیی» ئاماژەی پێداوە، لێرەدا گەرەکە ئاماژە بەوە بدەین ئەم جۆرە پەروەردەیە ئامانجێکی تایبەتی نییە بۆ گەیشتن بە «سوود» یان مەبەستی ماتەری، بەڵکو پرۆسەیەکی دیالێکتیکی و بابەتییە و پەیوەستە بە گەشەسەندنی کەسییەوە (Christian ٢٠١٠).

بەبۆچوونی شتۆیانۆف «پرۆسەی Bildung واتا پرۆسەی ئەزموون دروستکردن کە تاک لە رێگایەوە دیدی نوێ لەسەر جیهان و لەسەر خۆی وەرئەگرێت، [...] ئەم ئەرکە بە گشتی هەوڵێکی زۆر جدی ئەوێت، و هانی تاک ئەدات پلانەکانی ئێستای خۆی بۆ لێکدانەوەی واقع بخاتە ژێر پرسیارەوە و پلانی نۆی پەرە پێبدات، واتە هەم جیهان و هەم خۆی بە چاوی نوێ ببینێت» (Stojanov ٢٠١٢, ١٢٨)، لێرەدا وردتر شرۆڤەی (Billdung) پەروەردە ئەکەین، کە زیاتر پەیوەستە بە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە بە تایبەت هەردوو فەیلەسوف (هومبۆڵت و هیگڵ)، کە پێیان وابوو بەرکەوتنی هۆش لە تەک جیهاندا لە نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکتدایە، لەگەڵ ئەوەشدا (Billdung) بابەتێکی مێتا کۆمەڵایەتیی نییە، بەڵکو ئادۆرنۆ وەکو پرۆسەی گەشەپێدانی خود و مامەڵەی لەتەک جیهاندا، وەک ناوبژیوانی پەیوەندی و پێکهاتە

٥- (Erzinhung): زیاتر ئاماژەکردنە بە کۆنتێکستی ئەزموونی، واتە «ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییە تا رادەیەک جیهانیی ناوەکی دەرئەبرێت کە، زیاتر ئامانجی ئامادەکردنی منداڵە بۆ ژیانی رۆژانەی راستەقینەی» (Stojanov ٢٠١٢، ١٢٥).

کۆمەڵایەتییەکان، ئەم جۆرە لە نوێنەرایەتیکردنی هۆشی ئۆبژێکت لە جیهان پەیوەستە بەلایەنی کەلتوورییەوە (Stojanov ٢٠١٢).

بۆ راڤەکردنی ئەم جۆرە دیالێکتیکە پەیوەست بە کەلتوور وەک هۆشی ئۆبژێکتیڤ ئەگەڕێنەوە بۆ دیدی هیگڵ، کە پێوابوو هونەر باش ئەتوانێت وەک دیاردە لە پشت فۆرمی هزرەوە بێت، لای هیگڵ هونەر کارایی بە خۆی تایبەتمەندی هەیە، کە بریتییە لە گەیاندنی ئیدیّ، ئەمەش بەرجەستەی راستییە لە نێو هەقیقەتدا. هێگڵ لە جێیەکی وانە وتارەکانیدا ئەڵێت «هونەر شوازێکی تایبەتمەندی دەرکەوتنی [...] هۆشە»، هەربۆیە ئیشی هونەری دوولایەنی هەیە، لە لایەک بەرهەمێکی مرۆییە، لە لایەکی ترەوە «راڤەیەکی روونی جیهانیش ئەهێنێتە ئاراوە»، واتە ئەنجامی «کردارێکی مەبەستدارە»، کەواتە کەلتووری مرۆڤ لە نێو هونەردا «بە دەربڕاوی ئاگامەندی خۆی ئەگات»، ئەمەش بە پێی قۆناغ و کەلتوورە جیاوازەکان بە درێژایی مێژوو ریالیزە بووە و کاریگەریی نواندووە (زیفەرت ٢٠٠٩).

لێرەدا کەلتوور هۆشی ئۆبژێکتە، کە بە بۆچوونی هیگل هۆش باڵاترە لە کۆمەڵگە، چونکە کۆمەڵگە تەنیا بە مادیکردنی هۆشە، بە واتایەکی تر کۆمەڵگە خۆی لە هۆشی ئۆبژێکتدا دائەبڕێت، هیگڵ ئەم نمونەیەی هونەر لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکاندا راڤە ئەکات، کە چۆن هۆش لە رێی کەلتوورەوە بە لێرەبوونی خۆی گەیشتووە، بۆ نمونە لە کەلتووری گریکیدا فۆرمی کلاسیکی هونەر تەواوی و کەلتووری ئەفۆرماند، لەم فۆرمەدا هونەر هۆشەکیترین فۆرمی سروشتی ئاشکرا ئەکرد، کە ئەمەش بەپێی گۆڕانی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو بووە (زیفەرت ٢٠٠٩). کەواتە کۆمەڵگە خۆی لە هۆشی بابەتی دائەبڕێت لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی مۆدێرن و ئەیکاتە دژی ئەو هۆشە، کەواتە هۆش لە ماتریالیزەکردنەوە فۆرمەکانی ئەزموون، ئۆبژێکتە کەلتوورییەکان و هونەریش جیائەبێتەوە، ئەمەش لە خۆ جیابوونەوەدایە (Stojanov ٢٠١٢).

هەربۆیە ئادۆرنۆ لە (تیۆری نیوە پەروەردە) دا شرۆڤەی پەیوەندی نێوان پەروەردە و کەلتوورو کۆمەڵگە ئەکات لە ژێر بارودۆخی نامۆدا، ئادۆرنۆ سەرەتا لە هزری فەلسەفی رۆشنگەریی چڕئەبێتەوە، کە نامۆیی سەرمایەداریی لەژێر رۆشنایی تێکەڵبوون لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا نەیانتوانیوە بڕەو بە هێزی رزگاری بدەن، بۆیە بۆتە هۆکاری لاوازبوونی (BiIldung) و بووە بە نیوە پەروەردە (Halbbildung)، چونکە سەبژێکت «ویستی بوونی سروشتی لە قاڵب بدات، لەهەمان کاتدا بپارێزێت» (T. Adorno ١٩٥٩, ٩٥)، کە ئەمەش جۆرێکە لە دەستەمۆکردنی مرۆڤ، هەروەها رزگارکردنی ئۆبژێکت لە بەرەنگاربوونەوەی هێزی مرۆڤ، لێرەوە پەروەردە گۆڕانکاری بە سەردا دێت، کاتێک بەم شێوەیە ئەقڵ زاڵئەبێت بەسەر سروشتدا. ئادۆرنۆ کەلتوور بە کاراکتەری دوانەیی تایبەتمەند ئەکات، کە پێویستە کەلتوور دووساتی دژ بەر (سروشت و هۆش) بپارێزێت و هاوسەنگی بهێنێتە ئاراوە.

بە بۆچونی یاسک ئەتوانرێت بەرهەمێکی وەک (فاوستی) گۆتە، وەک گوزارشت لە خەباتی بەرەنگاری هەمیشەیی و گەڕان بە دوای دڵنەوایی بخوێندرێتەوە، خەباتێک کە بە درێژایی مێژوو بیرمەندان ئازاریان پێ چەشتووە، ئەم جۆرە خەباتە لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیی تێکەڵ بووە، چونکە ترسی سەرەتایی لە نەزانراوەکان و ئارەزووی بنەڕەتی بۆ دەسەڵات لە فۆرمی باڵادا تێکەڵ کراوە، ئەم جۆرە بەرهەمانە لە کاتێکدا هۆشی بنەڕەتی مرۆڤ ئایدیالیزە ئەکەن، هەروەها سروشتیش دەرئەبڕن. یاسێک پێیوایە بەکارهێنانی

ئۆتۆنۆمی سروشتی لە بەرهەمە کەلتوورییەکاندا ئەکرێت، وەک فۆرمێکی ئێستێتیکی بەکاربهێنرێت، کە واتایەکی مرۆیی بە ئەوی تر ببەخشێت، لێرەدا کەلتوور ئەرکێکی کرۆکی چارەنوسساز بۆ مرۆڤ بەجێ ئەهێنێت لە نمونەی مۆدێلی باڵایی سروشت، کە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بیرئەخەنەوە و هاوکاری (assimilation) بەراوردکردن لە کۆمەڵگەدا ئەکات، لە لایەکی تروە پەیوەندی بەرهەمە کەلتوورییەکان بە سروشتەوە، رەنگە پاڵهێزێکی هاوکار بێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە دەستچووی مرۆڤ بە سروشتەوە، گەر بۆماوەیەکی کاتیش بێت لە فشارە کۆمەڵایەتییەکاندا رزگاری ئەکات (Yacek ٢٠١٦).

بە دیدی ئادۆرنۆ پیشەسازیی کەلتووری لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، پەیوەندی نێوان سروشت و هۆشی ئۆتۆنۆمی بەرەو نەمان بردووە، کەلتوور بچووک بۆتەوە بۆ لایەنی کەلتووری ئەقڵی (Geisteskultur) کە ئەم فۆرمە لە کەلتوور، رۆچۆتە زۆربەی کایەکان هەر لە هونەر و میدیا (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن) (T. A. Horkheimer ١٩٤٤) لە ئەمڕۆدا بۆ جیهانیی تەکنەلۆژیا، بە تایبەت ئەنتەرنێت و ماڵپەرەکان. لێرەوە فۆرمێکی چالاک و ئامادەکراو ئەبێت بە ئایدیاڵ بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی. بەم جۆرە ئۆبژێکت کەلتوورییانە بە کۆمەڵایەتیی ئەبێت، واتا لە هۆش دائەبڕێت. بە بۆچونی ئادۆرنۆ کۆی ئەم پرۆسە دیالێکتیکییە دەرئەنجامی پیشەسازی کەلتوورییە. بەم جۆرە (ئۆبژێکتی پیشەسازی کەلتووری) (BiIldung) نییە، بەڵکو (Halbbildung) نیوە پەروەردە یە.

بە بۆچوونی شتۆیانوف پیشەسازی کەلتووری لە سێ رەهەندەوە کاریگەر و چارەنوسسازە و کاریگەریی لەسەر شتە کەلتوورییەکان هەیە «یەکەم کاڵایان لێدروستئەکات، دووەم ئەم شتانە پارچە پارچە ئەکات، سێیەم وایان لێئەکات بە سانایی هاوشێوە بن، کە ناتوانن ئەزموونێکی ریاڵ بئافرێنن، بەم جۆرە ئەم کاریگەرییانە لە لایەنی ئۆبژێکتەوە لە فینۆمێنی «نیوە پەروەردە» دا ئەگاتە لوتکە» (Stojanov ٢٠١٢, ١٢٧)، لێرەوە گۆڕان و بە کاڵاکردنی شتە کەلتوورییەکان روودەدات، دواتر ئامرازیی ئاڵوگۆڕ و خستنەڕوو، ئەم پرۆسەیە ئەبێت بە هۆی دژیەکی، شتەکان کە فۆرم و کرۆکی تایبەت و بناغەی رەسەنیان نەمێنێت.

هەربۆیە گۆڕانی رۆڵ و کارایی پەروەردە ئەبێت بە چەقی باسکردنی ئادۆرنۆ، بە تایبەت ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی و سەرمایەداریی، کە راڤەی سەرەکیی لە پیشەسازی کەلتووریدا چڕ ئەبێتەوە. رزگاربوون و دەرچوون لەم دۆخە بە تایبەت پەروەردەی تراديسیۆنی، هەروەها لاوازبوونی کەلتووری ئۆتۆنۆم و ئاڕاستەکردن و بە ئایدۆلۆژیاکردنی پەروەردە، هەموو ئەمانە زیاتر لە هەڵکشاندان. ئەگەر لەڕوانگەی مێژووییەوە لێی بڕوانین پەروەردە زیاتر بۆ پێشکەوتنی لایەنی کۆمەڵایەتیی بەرەو مەرجێکی پێویست و پێشوەختە هەنگاو ئەنێت، بە تایبەت بۆ چینی ناوەند و تازە فراژووبووەکان، ئەمەش بە پرۆسەی پێویستی کارایی و بە بازاڕکردن کە وەک ئامرازێک دواتر گۆڕاوە بۆ «نیوە پەروەردە» (T. W. Adorno ١٩٥٩) . ئادۆرنۆ لەم نێوەندەدا ئاماژە بە چۆنیەتی دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی و جیاکردنەوە کاری دەروونی و جەستەیی پابەند بە گەشەکردنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ئەکات.

دوای دیاریکردنی کێشەکە ئادۆرنۆ لە «دیالێکتیکی رۆشنگەریی»دا پێیوایە جۆرێکی «نوێی پیشەسازی کەلتووری بە تایبەت رادیۆ، تەلەفیزیۆن و میدیا بەگشتی باڵادەستە. پیشەسازی کەلتووری ئەتوانێت سوود لە زاڵبوونی نیوە پەروەردە وەربگرێت، بە کۆنترۆڵکردنی تەواوی رۆشنبیری لە ژێر ئەو ناونیشانەی، کە

هێشتا پەروەردەیە» (T. Adorno ١٩٥٩)، هەربۆیە تێپەڕاندنی ئەم «نیو پەروەردە»یە، یەکەم بنەمای ئەزموونی ئێستێتیک و هزری فەلسەفییە، لەو فۆرمە هزرییەدا چێئەبێت «تەنیا لەو شتانەوە سەرهەڵدەدات کە سەردەمانێک پەروەردە بووە» (T. W. Adorno ١٩٥٩, ١٢١)، کەواتە تێپەڕاندنی قۆناغی نیو پەروەردە پێویستی بە تاکی ئۆتۆنۆم هەیە، تاکێک بتوانێت گەشە بە بواری هزری و سەربەخۆی خۆی بدات، بێگومان لە باسی دواتردا بە وردیی شرۆڤەی ئەکەین. هەرچەندە ئادۆرنۆ زۆر نیگەرانە لە دۆخی سەرمایەداریی مۆدێرن، بەڵام بە تایبەت لە ئەزموونی ئێستێتیکدا ئەکرێت (BiIldung) راستەقینە لە هزری ئەودا دیاریبکرێت. «بەشکردنی ئۆبژێکتە کەلتوورییەکان وەک جۆرە میکانیزمێکی سێنترالی ئامادە بۆ پرۆسەی هاوشێوەکردن ئەم ئۆبژێکتانە لێی بڕوانرێ. کێشەکە لەوەدایە ئەم جۆرە ئامادەییە شکاندن و وێرانبوونی رەسەنێتی و سەربەخۆییانە، هەربۆیە لای ئادۆرنۆ ئۆبژێکتە کەلتوورییەکان ئەتوانن ببنە پاڵهێزو نوێنەرایەتیی، ئەزموونی ریاڵ بئافرێنن و ببن بە (BiIldung) پەروەردە ئەم جۆرە بەرەنگارییە کاتێک رووئەدات کە ئۆبژێکت ئۆتۆنۆمییانە بەرەنگاری هاوشێوەکردن ئەبێت بەوە کە ئەمەش بەتێگەیشتن لە پلانی واقیعی دراوە (T. Adorno ١٩٥٩, ٤٦-٥٠).

«بە پوختی پرۆسەی (BiIldung) هەستێکی ئۆبژێکتیڤی پەروەردە ئەکات، هەستێک کە ئۆبژێکتەکان فۆرمی ناوە و بەهای ناوەکییان هەبێت» کۆی ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بە تێگەیشتن و زەمینەسازیی، تاوەکوو سەبژێکت ئۆتۆنۆمیانە بڕەو بە تواناکانی بدات، هەرچەندە پیشەسازی کەلتووری و لایەنەکانی رۆشنبیری، سەرجەم ئەم تێگانە ئەخاتە ژێر پرسیارەوە تا ئاستی مومکینی هاتنە ئارای ئەم فۆرمە لە سەبژێکت، چونکە بە کاڵاکردن و بەش بەشکردنی ئۆبژێکتە کەلتوورییەکان وائەکات کە (BiIldung) سەخت بێت. ئادۆرنۆ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا سەردەمی سەرمایەداریی ئەمڕۆ (BiIldung) «تەنها وەک رەنگدانەوەیەکی رەخنەگرانە لە پیشەسازی کەلتووری و لەسەر (Halbbildung) وەک لایەنی سەبژێکتیڤی خۆی شیاوە» (Stojanov ٢٠١٢, ١٢٨)، بۆیە ئادۆرنۆ پێیوایە «هیچ چانسێکی تر بۆ مانەوە نییە جگە لەڕێگەی رەخنەگرانە لە نیوە پەروەردە (Halbbildung ١٩٥٩, ٦١)» (T. Adorno). لە باسی دواتردا بە وردیی تیشک ئەخەینە سەر تیۆری نیو پەروەردە و ئەگەری هاتنە ئارای (BiIldung) لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخدا.

باسی دووەم: تیۆری نیوە پەروەردە (Halbbildung) لە گۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخدا

ئادۆرنۆ لە تیۆری نیو پەروەردە (Halbbildung) ئاماژە بە نەمانی پەیوەندیی دیالێکتیکی ئەکات، کاتێک ئەمە رووئەدات ئەگەر پەروەردە تەنیا بە ئاڕاستەی هەندێک مەبەستی تایبەتی بێت، بە تایبەت رەهەندی ئایدۆلۆژی، کە تێیدا گروپی باڵادەست ئاڕاستەی کۆمەڵگە و پەروەردە ئەکەن و لە دیدی خۆیانەوە پێناسەی ئەکەن. ئەم جۆرە هێزە باڵادەستە پەیوەستن بە بەرژەوەندیی خۆیانەوە نەک بەرژەوەندی راستەقینەی پەروەردە (T. Adorno ١٩٥٩, ٩٦)، هەروەها لە تیۆری (Halbbildung) ئادۆرنۆ تیشک ئەخاتەسەر گرژی لەنێوان ئۆتۆنۆمی تاک و هاوشێوەکردن لە فۆڕمی دیالێکتیکدا. نیو پەروەردە (Halbbildung) لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخدا کاتێک گەشە ئەکات، کە کەلتووری بە کۆمەڵ دروستکراو کاریگەریی لە سەر ئاگایی تاک هەیە.

لێرەدا پرسیاری کرۆکی ئەوەیە چۆن پەروەردەیەکی بەهێز بهێنرێتە ئاراوە؟ هاوکاربێت بۆ ئۆتۆنۆمی هزرین و گەشەسەندنی مۆراڵی تاک. ئاشکرایە کۆمەڵگە و پەروەردە بە یەکترەوە پەیوەستن، بە تایبەت کۆمەڵگەیەکی باش دەرئەنجامی پەروەروەردەیەکی باشە و بە پێچەوانەشەوە، ئەمەش وێنەدانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کەسانی ناو کۆمەڵگە ئەبێت، کەواتە لایەنی کۆمەڵایەتیی بناغەیەکی گرنگە بۆ مرۆڤ، چونکە مرۆڤ پەیوەستە بە دەوروبەرەکەیەوە و پێویستی بە مرۆڤانی تر هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت، لەم نێوەندەدا پەروەردەش هێزی گۆڕانکارییەکانە. بە دیدی ئادۆرنۆ کارەساتە مۆراڵییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی تەنیا بەڕێکەوت روویان نەداوە، بەڵکو تۆوی دڕندەییەکان لە سەرەتای رۆشنگەرییدا لە شوێنی کەلتووردا چێنرابوون (Adorno and Horkheimer ٢٠٠٨).

ئەندامانی فێرگەی فرانکفۆرت لە سەرەتادا، هەوڵیان ئەدا کاری هزری هاوکاربێت بۆ رەهەندی پراکتیکی، بە تایبەت لە خزمەتی شۆڕش و چینی پرۆلیتاردا بێت. بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی لەو ماوەیەدا روویدا بە تایبەت سالانی (١٩٣٠)، کە سەرەتای شۆڕش بوو لە یەکێتی سۆڤیەت ئاڕاستەکەی گۆڕا، لەسەر ئاستی ئەوروپا بەرەو کاڵبوونەوە رۆیشت، رژێمی فاشیزم بە بوێریی هاتبووە ناو کایە جیاوازەکانی ژیانەوە، هەربۆیە سەرجەم تیۆرستەکانی فێرگەکە هاوڕابوون لە سەر پێویستی زیادکردنی پەروەردە بۆ بەرەنگاربوونەوەی رەوت و لایەنە تاکڕەوەکان (Bronner ٢٠١١, ٥-٣).

بێگومان ئەم جۆرە پەروەردەیە تارادەیەک نا روونە کەچی جۆرە پەروەردەیەک بێت، بۆ ئادۆرنۆ لە کۆنتێکستی ئەو پرسیارەدا شرۆڤە ئەدا، کە چۆن (BiIldung) پەروەردە لە سەردەمی (Halbbildung) نیوە پەروەردە پراکتیک ئەکرێت، ئەمەش فرەلایەنە، بۆیە رۆڵی سەرەکیی تیۆری پەروەردەیی بریتی ئەبێت لە شۆڕش، شۆڕش بە مانایەکی فراوان، مەبەست لە شۆڕشێکی هزرییە، کە هەڵقوڵاوی هۆشی مرۆڤە بە هەستکردن بە ئازارەکانی، هەستکردن بەوەی، چی ئەگوزەرێت لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی؛ وەک ئادۆرنۆ ئەڵێت «ئازادبوون لە دۆخی نەزانیی - واتا نەزانیی لەسەر «دۆخی هەڵەی شتەکان» (T. Adorno ٢٠٠٧, ١١).

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە فەلسەفەی پەروەردەیی ئادۆرنۆ، گەرەکە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئارگۆمێنتە رەخنەییانەی، کە لە تیۆری مۆراڵی کانتی گرتووە، ئەمەش لای ئادۆرنۆ ئەو خێراییەی لە بەرنامەی رۆشنگەرییدا کرا، بە تایبەت دەرئەنجامەکەی خۆی لە زاڵبوونی ئەقڵ و ئەقڵی ئامرازیدا چێبووە، کە سەبژێکت زاڵبوو بەسەر ئۆبژێکتدا (سروشت) بە تایبەت داهاتووی، ئادۆرنۆ لە چاوپێکەوتنە رادیۆییەکانی لەگەڵ هێلمۆت بێکەر پەروەردە بۆ ئۆتۆنۆمی (Education for Autonomy) (١٩٨٣) جەخت لە سەر بابەتی ئەرک ئەکاتەوە، کۆمەڵگەی دیموکراسی بە برەودان بە مۆراڵی تاکەوە پەیوەست ئەکات، کە توانای هەر مرۆڤێک لە هزرین و بەکارهێنانی هۆشی شیمانەی ئۆتۆنۆمی تاک ئەکات (T. e. Adorno ١٩٨٣) .

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، چۆن فەلسەفەی پەروەردە ئەتوانێت رۆڵ بگرێت لە بەهێزکردن و هاندانی تاک و گەشەسەندنی توانای مرۆیی و مۆراڵی دا، تاوەکوو بە ئۆتۆنۆمی بگات. یاخود بە واتایەکی تر چۆن بتوانرێت تاک لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا لە نیوە پەروەردەوە بەرەو (BiIldung) پەروەردە ئاراستە بکرێت، بۆ وەڵامی پرسیارەکە سەرەتا ئاماژە ئەکەین بە پەروەردە لە قۆناغی منداڵیی (سەرەتایی) دا، ئادۆرنۆ

لە گوتاری (پەروەردە بۆ ئۆتۆنۆمی)، کە لەگەڵ هێلموت بێکەر ئەنجامیداوە، سەرەتا بۆ روونکردنەوەی تێگەکە ئاماژە بەو دەقەی کانت ئەکات دەربارەی رۆشنگەریی چییە؟ (١٧٨٤) بێگومان ئەم دەقەی کانت زۆر خوێندنەوە و راڤەی بۆکراوە نەک هەر ئادۆرنۆ زۆرێک لە بیرمەندان شرۆڤەیان کردووە، مێشێل فۆکۆ و چەندانی تر، کە هەڵگری شرۆڤەو خوێندنەوەی جیاوازن لە بارەیەوە، بۆیە لێرەدا روونی ئەکەینەوە.

کانت لەوەڵامی پرسیارەکەدا، کە رۆشنگەریی چییە؟ ئەنووسێت «رۆشنگەریی دەرچوونی مرۆڤە لە ناپێگەیشتن (Unmündigkeit) خۆی کە هۆکارەکەی خۆی بووە. ناپێگەیشتن بریتییە لە بێتوانایی لە بەکارهێنانی زیرەکی مرۆڤ بە بێ رێنماییکردنی کەسێکی تر.» ئەم جۆرە ناپێگەیشتنە ئاماژە نییە بە تەنیا بە کۆمەڵ، بەڵکو نەبوونی ئیرادە بۆ هزرین، «ترس و تەمەڵیی» بەبێ ئەوەی کەسانی تر رێنمایت بکەن، هەربۆیە دروشمی سەرەکیی رۆشنگەریی لای کانت «بوێری ئەوت هەبێت کە تێگەیشتنی خۆت بەکاربهێنیت» (Kant ١٧٨٤, ١٩٩٥, ٥٦-٥٧).

کرۆکی تێزەکەی کانت ئەوەیە، کامڵبوونی مرۆڤ پەیوەستە بەهەردوو لایەنی دەرەوەو و هزری خودەوە، بەڵکو ژینگەی دەوروبەر کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیە، هەموو ئەمانە رۆڵیان هەیە لەسەر هزرینی ئۆتۆنۆم یان بەپێچەوانەوە و نامۆبوونی تاک. لە لایەکی ترەوە کانت مەبەستێتی تاک دەربچێت و ئازاد بێت و ئۆتۆنۆمییانە خۆی بڕیار بدات، نەک کەسانی تر یان هێزی دەرەوەی خۆی رابەرایەتیی بکەن. ئادۆرنۆ هاوڕا نییە لەگەڵ کانت لە وەرگرتنی تێگەی ئۆتۆنۆم، بەڵکو راڤەی جیاوازی بۆ کردووە، وەک سنیر ئاماژەی پێداوە «ئادۆرنۆ ئۆتۆنۆمی کانتی وەک وازهێنان لە ئەزموونی ماتریاڵی زیندوو کە داوای کردار ئەکات و کردرا تێیدا رووئەدات، ئەبینێت» (Snir ٢٠٢٠, ٣٤)، لای کانت رۆشنگەریی شێوازیکی نوێی هزرین بوو، واتا دەرچوونی مرۆڤە بە مەبەستی گەیشتن بە خودی خۆی، بە هزرین و بڕیاردانی خۆی، ئەمەش بە لابردنی ئەو بەربەستانەی رێگری لێ ئەکەن، کە تایبەتن بە خودی مرۆڤەوە، هەروەها ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و پەروەردەییانەی، لەو سەردەمەدا ئەگوزەرا، هەرچەند ئەو سەردەمە پەیوەست بە خودی کانتەوە سەردەمێکی رۆشنگەر نەبووە (Kant ١٧٨٤, ١٩٩٥).

ئادۆرنۆ جگە لەوەی رەخنەی لە فەلسەفەی کانت هەبوو بە تایبەت تیۆری مۆراڵ، ئاماژەش بە پەلەیی بەرنامەی رۆشنگەریی کانت ئەکات، بە تایبەت دەرچوونی مرۆڤ و خود پەروەردەیی بەسەر ئایندەیدا، بەڵام ئادۆرنۆ بە پێچەوانەوە پێیوایە سەردەمی ئەو جیهان لە دۆخێکی خراپدایە نەک تەنیا لە ئەڵمانیادا، کە هزرینی ئۆتۆنۆم، مرۆڤ بەرەو پێش نابات، بەڵکو ئەو بە تایبەت، زاڵبوونی هەژموونی باڵای سۆسیالیزمی نەتەوەی وەک بەڵگەی بۆچوونەکەی ئەخاتەڕوو، بۆیە چۆن بوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی ئەکەونە بەر هێزی ئایدۆلۆژی زاڵبوو، بەهەمان شیوە پەروەردەش ئەخرێتە خزمەتی ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیایە. واتا لەبری بەرەنگاری و رزگارکردنی مرۆڤ بەرەو هزرینی ئۆتۆنۆم، بەڵکو بە پێچەوانەوە بنەمای ترادیسیۆن و ئایدۆلۆژیی بەرهەم ئەهێنێتەوە. زیاتر لەوەش پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ بەرەنگاری ئەو ئاڵەنگارییە نابێت کە ترادسیۆنی هزرین سەپاندوویەتی، بەڵکو بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی و رۆشنایی ئەو بارودۆخە دژە هزرییەدایە کە گومان لە پەروەردەی قۆناغەکانی پێشتریش ئەکات.

ئادۆرنۆ لە گفتوگۆکەی لەگەڵ بێکەردا ئەڵێت: «بە راستی ئەبێت لەگەڵ ناسینی ئەو سەختییە زەبەلاحانەدا

دەست پێ بکەین، کە ڕێگری لە تێگەیشتن ئەکەن بەو شێوەیەی، جیهانەکەمان ڕێکئەخرێت» هەروەها «تا ئەو کاتەی ئەمە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، کۆمەڵگە بەردەوام ئەبێت لە قاڵبدانی مرۆڤایەتیی لە ڕێگەی ژمارەیەکی بەرفراوانی پێکهاتە و پرۆسەی جیاوازەوە، بەجۆرێک ، کە لە چوارچێوەی هێترۆنۆمس (heteronomous)٦دا ئەژین، هەموو شتێک هەڵدەلوشرێ قبوڵی ئەکەن، بەبێ ئەوەی سروشتی ڕاستەقینەی تەنانەت ئامادەبێت بۆ ئاگاییان» (Theodor Adorno، Hellmut Becker ,١٩٩٩ ,٢٩-٣٠)

بۆ بەهێزکردنی هزرینی ئۆتۆنۆم کە تاک ئۆتۆنۆمیانە بهزرێت و لەژێر کاریگەریی ئەقڵی ئامرازیی، هەژموونی باو و ترادیسۆنی پەروەردەی کۆمەڵگەی نیولیبراڵی زاڵبوو ڕزگاری بێت، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پەروەردەکردنی منداڵ، کە ئەکرێت فەلسەفەی پەروەردەی ئادۆرنۆ ئەو واتایەش بدات کە بەهێزکردنی ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکان پەیوەستن بە ئۆتۆنۆمی مۆراڵییەوە، ئەتوانرێت تاڕادەیەک مرۆڤ لەبەرامبەر بەکۆمەڵایەتییکردنی زیانبەخشدا بەرگری پێبکات، ئەمەش بە تایبەت لەسەر بناغەی سایکۆلۆژی، بە ئاڕاستەکردن و برەودان بە مۆراڵی منداڵ لە قۆناغی سەرەتایدا، لێرەوە تاک ئامادەئەکرێت بۆ دەزگا پەروەردەییەکان.

هەر بۆیە پەروەردە بۆ هزرینی ئۆتۆنۆم و گەڕانی سایکۆلۆژی بابەتێکی مێژوویی نییە، بەڵکو پەیوەستە بەشرۆڤەی کەسییەوە، کەواتە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاڕاستە بکرێت بۆ ئۆتۆنۆمی پێویستە «لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەبن بۆ چارەی خۆنۆسین (Self-determination)»، کە ئەمەش وائەکات تاک هێزی ڕووبەڕووبوونەوە و ملکەچی و کۆیلەیی بۆ «دەسەڵاتە ترادسیۆن و فاشیزمەکان نەبێت» (Theodor ١٩٦٦, ٣-٥)، هەربۆیە ئادۆرنۆ قۆناغی سەرەتای منداڵی بە گرنگ ئەزانێت. جەختکردنەوەی ئادۆرنۆ بۆ قۆناغی منداڵی «لە دامەزراندنی بنەمای ئەو ئۆتۆنۆمییە کە پێویستە بۆ هزری ڕەخنەیی ڕەخنەگرانە و لێرەوە بۆ مۆراڵ، ئەمەش پێویستی بەناوەکیکردنی (Internalization) دەسەڵات بۆ بوون بە تاکێکی ئۆتۆنۆم» (Huhtala ٢٠١٨, ١٢) هەیە.

ئادۆرنۆ بە بەکارهێنانی تیزی فرۆید، پێداگری لە ناوەکیی کردنی دەسەڵات (فیگەری باوک) ئەکات، کە پێویستییەکی سەرەکییە لە منداڵیدا بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی تاک گەشە بکات، لە هەمان کاتدا پێداویستییە سایکۆلۆژییەکان بۆ منداڵ دابینبکرێت (T. e. Adorno ١٩٨٣, ١٠٦-١٠٧) چونکە لەم قۆناغەدا ئەتوانرێت تاکی ئۆتۆنۆم پەروەردە بکرێت، ئەمەش پەیوەستە بەو ژینگە تەندروستەی، تیایدا ئەژی لێرەوە کاریگەریی لەسەر ئیگۆ (Ego) ی منداڵ ئەبێت، هەروەها هەستکردن بە بەزەیی منداڵ و گرنگیدان بە مرۆڤانی تر، هەموو ئەمانە کاریگەرییان لە سەر تاکی ئۆتۆنۆم و جۆری هزرینی ئەبێت. لای ئادۆرنۆ هەست و سۆز بەشێکی گرنگ و بناغەین، لە برەودان بەلایەنی ئەپستمۆلۆژی تاک و شێوازی هزرینی، بۆ ئادۆرنۆ «مۆراڵ ئاماژەیە بۆ هێزی دەروون بۆ ڕەتکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی نۆرمە باوەکان [...] لە بری ئەوەی سەرنج بخرێتە سەر کارامییەکانی هزرینی ڕەخنەیی، ئەرکی سەرەکیی پەروەردە پشتگیری ئەبێت بۆ گەشەسەندنی مۆراڵی سایکۆلۆژی تاک» (Huhtala ٢٠١٨, ١٢)، کە لە دەرئەنجامدا چێبوونی تێگەیەکە لە «پەروەردە بۆ دژایەتی و بەرخۆدان»، کە ناوەندەکەی فێرکردنی ڕەخنەگرانە و خۆڕاگرییە (T. e. Adorno ١٩٨٣, ١٠٩).

٦- مەبەست لە تێگەی هێترۆنۆمس (heteronomous)) مامەڵەکردنە بەپێی ئارەزووەکانی مرۆڤ نەک ئەقڵ یان ئەرکی مۆراڵی.

ئەنجام:

ئەنجامی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت ئەکەینەوە:

١- رەخنەی پەروەردەیی ئادۆرنۆ زیاتر لە دوو ئاستدا چێبووە، لەلایەک رەخنەیە لە ئەقڵی ئامرازیی، کە دەرئەنجامەکەی زاڵبوونی مرۆڤە بەسەر سروشتدا و بەکارهێنانی بەویستی خۆی، کە زانست و تەکنەلۆژیا ئامرازی جێبەجێکردننی، لەلایەکی دیکەوە ڕەخنەیە لە رژێمی تۆتالیتار و فاشیست...هتد، کە کۆمەڵکوژیی ئەنجام ئەدەن وەک ئەوەی لە ئاوشڤیتز روویدا.

٢- پەروەرودەی سەرمایەداریی هاوچەرخ پەروەردەیەکی ساختەیە و مانا و کرۆکی پەروەردەیی لە دەستداوە، چونکە ئامانجی سەرەکی ئابووریی و بە بازاڕکردنە، کە ئەمەش (نیوە پەروەردە) یە نەک پەروەردەیەکی تەواو.

٣- سەردەمی رۆشنگەریی گۆڕانکاریی لە زۆربەی بوارە جیاوازەکان بەدوایی خۆیدا هینا، بەتایبەت بواری پەروەردە و زاڵبوونی ئەقڵی ئامرازیی، کە ویرانەی زۆری بۆ مرڤایەتی هێناوەتە ئاراوە، لە فۆڕمی دەسەڵاتی تاکڕەو و بەکارهێنانی سروشت بە ویست و ئارەزووی مرۆڤ.

٤- پەروەردەی ئۆتۆنۆم بۆ ئەمڕۆی مرۆڤایەتیی و کۆمەڵگەی کوردیی پێویستە و ئەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت، چونکە ئەم پەروەردەیە بەرپرسیاریەتیی مۆراڵی و هێزی رەخنە و رووبەڕووبوونەوەی تاکڕەوییە.

٥- ئەڵتەرناتیڤی بەهێز بۆ تێپەڕاندنی پەروەردەی سەرمایەداریی هاوچەرخ، کە (نیوە پەروەردە)یە، (BiIldung) پەروەردەیە، کە تاکێکی ئۆتۆنۆم و ڕەخنەگر پەروەردە ئەکات، ئەمەش پێویستی بە هەنگاوی کرداریی و جێبەجێکردنە لەلایەن خێزان و دام و دەزگا پەروەردەییەکانەوە.

٦- تێڕوانینەکانی ئادۆرنۆ جێگەی بایەخن بە تایبەت بۆ تیگەیشتن و سنووردارکردنی کەسی دەسەڵاتخواز، تۆتالیتار و توندڕەو، کە پەروەردەی ئەقڵی ئامرازیین و ئامانجی سەرەکییان دەسکەوتنی زۆرترین سەرمایەیی مادیی و بەرژەوەندییە، بەبێ ئاوڕدانەوە لە وێران بوونی سرووشت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، ئەمەش زاڵبوونی سەبژێکتە بەسەر ئۆبژێکتدا و نەمانی باڵانسە لە نێوانیاندا، کە دەرئەنجامەکەی جەنگ و وێرانبوونە.

٧- ئەکرێت بەرپرسانی بواری پەروەردە سوود لە پێداگۆگی رەخنەیی وەرگرن وەک میتۆدێک بۆ رێگریکردن لە تاوان و قڕکردنی مرۆڤ لە فۆرمی ئەنفال و جینۆساید، هتد...، یان ببێتە وانە و ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە بۆ مرۆڤایەتیی.

٨- لەژێر رۆشنایی فەلسەفەی پەروەردەی ئادۆرنۆدا و پەروەردەکردنی تاکێکی «ئۆتۆنۆمی رەخنەگر و خۆڕاگر» بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیی پێویستییەکی هەنووکەییە.

# Criticism of contemporary capitalist education and Adorno's educational vision as a strong alternative

**Abstract**:
Although criticism of culture and capitalist society forms a major part of Adorno's work, his educational views and critical pedagogy make an important contribution to the philosophy of contemporary education, As the beginning of critical pedagogy go back to the Frankfurt School, specifically Adorno, the research analyzes Adorno's criticism of contemporary capitalist education and strong alternatives from Adorno's perspective, in different contexts, which is based on two questions, On the one hand, it explains how the instrumental reason and scientific played a role in human domination over nature since the beginning of the Enlightenment, and then criticizes this education how it played a role in the emergence of totalitarian and radical nationalist regimes that are at the forefront of human extermination is explained by the example of the Auschwitz essay, in this center both types of criticism are important for today's education of humanity and the Kurdistan Region, because education in contemporary capitalist society has lost its essence and has become a fake education, half-education (Halbbildung), The main question in the research is what are the strong alternative to pass this education? It is explained in detail, to educate an autonomous and critical individual.

**Keywords: Instrumental Reason, Education, Educational Critique, Autonomous Education**

## سەرچاوەکان:

گێتمان، زیفەرت، ئانیماری (٢٠٠٩) ڕێبەرییەک بۆ ئێستێتیک، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە کاوە جەلال، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

Pauli Siljander, Ari Kivelä, Ari Sutinen . Theories of Bildung and Growth: Connections and Controversies Between Continental Educational Thinking and American Pragmatism. Rotterdam/Boston/Taipei: Sense Publishers، 2012.

Adorno and Horkheimer. Dialectic of Enlaghtement. Sweden: ScandBook AB Falun، 2008.

Adorno. The Authoritarian Personality . London and New York: Harper and Row، 1950.

—. The Stars Down to Earth . London and New York: Taylor & Francis e-Library، 2002.

Adorno Theodor. «Education After Auschwitz.» Radio Interview Published (Radio Interview Published، 1966: 112-.

Apple, Michael W. Education and Power. London and New York: Routledge, 2012.
BONJEAN Dominique. «The Bologna Process and the European Higher Education Area". Education and Training - European Commission. Retrieved.» The Bologna Process and the European، 21 September, 2018 24 March 2020: https://education.ec.europa.eu/education-levels/higher-education/inclusive-and-connected-higher-education/bologna-process.
Carrie Winstanley. «Alluring Ideas: Cherry Picking Policy from Around the World.» Journal of Philosophy of Education, Volume46, Issue4، 2012: 516534-.
Clair Katz. «»Education After Auschwitz: Levinas, Jewish Education, and the Crisis of Humanism».» Jewish Studies، 2 11, 2022: 1.
Daniel K. Cho. «Adorno on Education or, Can Critical Self-Refl ection.» Historical Materialism 17 (2009) (Historical Materialism 17 74–97 )، 2009: 74–97.
David Held. Introduction to Critical Theory Horkheimer to Habermas . Cambridge: Blackwell، 2004.
Deborah Cook. «Staying Alive: Adorno and Habermas on Self-Preservation under Late Capitalism.» A Journal of Economics, Culture & Society، 2006: 433447-, Volume 18, 2006 .
Douglas Yacek. «Dialectics of Education: .» P H I L O S O P H Y O F E D U C A T I O N، 2016: 204213-.
Giorgio Agamben. Remnants of Auschwitz: Th e Witness and the Archive. New York: Zone، 2002.
H Marcuse. The Struggle against Liberalism in the Totalitarian View of the State. Boston: Beacon، 1968.
Hanna-Maija Huhtala. ADORNIAN CRITIQUES OF REASON : AUTONOMY, MORALITY, AND EDUCATION. Kuopio, Finland: University of Eastern Finland، 2018.
Henry Giroux. Critical Theory and Educational Practice: Theory and Practice in Educational Administration. Australia: Deakin University. Victoria, ، 1983.
Horkheimer. Eclipse of Reason. New York.: Seabury Press، 1974.
Immanuel Kant. What is Enlightenment? ( Boston: Houghton Mifflin Company): Marvin Perry, et. al., Sources of the Western Tradition, Volume II ، 1784, 1995.
Itay Snir. Education and Thinking . Switzerland: Cham,Springer، 2020.
Joe L. Kincheloe. Critical Pedagogy Primer. New York: Peter Lang، 2004.
John McDowell. Mind and World: With a New Introducation. Cambridge/ London: Harvard University Press. 1996.
Jürgen Vogt. «The Ghost of a Ghost Critical Music Education and the New Right.» Polarizing Interpretations of Society as a Challenge for Music Education، 2021: 209220-.
Krassimir Stojanov. «THEODOR W. ADORNO - EDYCATION AS SOCIAL CRITIQUE.» Theories of Bildung and Growth، 125134-. Sense Publishers. 2012.

Martin Jay. The Dialectical Imagination. Berkeley • Los Angeles • London: University of California Press، 1996.

Mary Breuing. «Problematizing Critical Pedagogy.» International Journal of Critical Pedagogy, Vol 3 (3، 2011: 223-

Nigel Blake & Jan Masschelein. «Critical theory and critical pedagogy.» Philosophy of Education، The Blackwell Guide to the، 38--56 . Blackwell. 2003.

Peter McLaren. Life in Schools: An Introduction to Critical Pedagogy in the Foundations of Education 6th Edition. London and New York: Routledge. 2016.

Ranier Abengana. «Adorno's critique of Halbbildung: Mapping an emancipatory educational program for critical consciousness.» The PhilPapers Foundation. 2017: 178195-.

Spatscheck Christian. «Theodor W. Adorno on Education.» infed.org: education, community-building and change، 2010: https://infed.org/mobi/theodor-w-adorno-on-education.

Stephen Eric Bronner. Critical Theory: A Very Short Introduction . Oxford New York: Oxford University Press, Inc. ، 2011.

T. W Adorno. Aspects of the New Right-Wing Extremism, translated by Wieland Hoban. UK: Polity: Cambridge20201967/..

T. W Adorno. «The Meaning of Working Through the Past.» In Critical Models. Interventions and Catchwords, translated by H. W. Pickford. . New York: Columbia University Press. German ، 1998103 89- :1959/.

Th eodor W. and Helmut Becker Adorno. «Education for Autonomy .» Telos, 56 (Telos. 1983: 103–10.

Theodor Adorno and Max Horkheimer. «The Culture Industry: Enlightenment as Mass Deception.» Theodor Adorno and Max Horkheimer (1944) The Culture Industry: Enlightenment as Mass Deception، 17 11, 1944: https://www.marxists.org/reference/archive/adorno/1944/culture-industry.htm.

Theodor Adorno. Negative Dialectics. NEW YORK , LONDON: Continuum International Publishing Goup، .2007

Theodor Adorno، Hellmut Becker. «Education for maturity and.» HISTORY OF THE HUMAN SCIENCES Vol. 12 No. 3, (London, Thousand Oaks, CA and New Delhi.1999: 2134-.

Theodor W Adorno. «Theorie der Halbbildung. In A. Busch (Hrsg.), Soziologie und moderne Gesellschaft.» Verhandlungen des 14. Deutschen Soziologentages vom 20. bis 24. Mai 1959 in Berlin (S. 169191-). Stuttgart:، 169191-. Veröffentlichungsversion / Published Version: Ferdinand Enke. https://nbn-resolving.org/urn:nbn:de:0168-ssoar-160841. 1959.

Theodor W. Adorno. Culture Industry Reconsidered. 1963.